# بزاڤى توتن له ئێران (١٨٩٠-١٨٩٢)

د. هۆشمەند عەلى مەحمود م. ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید

زانكۆی كۆیە
فاكەڵتى پەروەردە
بەشى مێژوو

**پێشەكی**

ململانێی وڵاتانی كولۆنیالیستی بە تایبەتی روسیاو بەریتانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لە ئێراندا بە تایبەتی لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجار (١٨٤٨-١٨٩٦) گەیشتبوە لوتكەی خۆی. لە راستیدا ئێران تەنیا بە ڕواڵەت وەك وڵاتێكی سەربەخۆ بوونی هەبوو، چونكە ئەم دوو زلهێزە لە ڕێگەی بەدەستهێنانی دەیان چیاوگی ئابووری بە تەواوی بەسەر دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا زاڵ ببوون. لە دوای پێدانی چیاوگی قۆرخكردنی كرینو فرۆشتنی توتنی هەموو ئێران بە كۆمپانیایەكی بەریتانی، كە بەئاشكرا لە بەرژەوەندی بەریتانیادابوو، بزاڤێكی نارەزایەتی بەرپابوو. ئەم بزاڤە یەكەم نارەزایی جەماوەری-سیاسی لە ئێرانداو لە گرینگترین ڕووداوەكانی نزیك بە پەنجا ساڵ پادشایەتی ناسرەدین شای قاجار بوو. ئەم بزاڤەی دواتر زەمینەی بۆ ڕووداوێكی گرینگی مێژووی هاوچەرخی ئێران واتە بزاڤی مەشرووتە خۆشكرد. لەبەرگرنگی سەردەمەكەی ئەم لێكۆڵینەوەیەمان لەسەر ئامادەكرووە بەناونیشانی (بزاڤی توتن لە ئێران ١٨٩٠- ١٨٩٢) وەك توێژینەوەیەكی مێژوویی-سیاسیی.

ئامانجی ئەم لێكۆڵینەوەیە تیشك خستنە سەر چۆنیەتی بەرپابوونی ئەم بزاڤەیە، كە بە شێوەیەكی مەدەنیو لە ڕێگەی خەباتێكی ناتوندوتیژی كۆمەڵانی خەڵكی ئێران توانیان بۆ یەكەم جار پاشەكشە بە دەسەڵاتی سەرەرۆ بكەنو هەروەها ڕۆڵو سەنگو كاریگەری سێ چینی سەرەكی بەشداربووی ئەم بزاڤە واتە: بازرگانان، رووحانیەتی شیعەو روناكبیران، كە هەركامیان بۆ مەبەستێكی تایبەتی خۆیان ڕۆڵیان تێدابینی.

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە، بەشی یەكەم بە ناونیشانی ئێران لە نێوان بەرداشی روسیاو بەریتانیاو بۆ دوو باس دابەشكراوە: لە باسی یەكەمدا تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی سیاسیو ڕەوتی چاكسازی لە ئێرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، قۆناغێك كە بەهۆی ئاشنابوونی دەستە بژێری ئێرانی لەگەڵ كولتورو شارستانیەتی ئەوروپی، پێویستی ریفۆرمو چاكسازی هاتەگۆڕێو تێیدا هەوڵەكانی چاكسازیی خوازان دەخرێتە بەرباس. لە باسی دووەمدا ئاماژە بە ململانێی بەریتانیاو روسیا دەكرێ، كە لەم قۆناغەدا لەسەر وەرگرتنی چیاوگی ئابووری دەگاتە لوتكەی خۆییو بە مەش دەستێوەردان لە بواری سیاسیش دەگرێتەوە. بەشی دووەم تەرخانكراوە بۆ پێدانی چیاوگی توتن بە بەریتانیاو كاردانەوەو لێكەوتەكانیو بەسەر سێ باسدا دابەشكراوە. لە باسی یەكەمدا چۆنیەتی پێدانی چیاوگی توتن بە بەریتانیاو وردەكارییەكانی ئەم رێككەوتننامەیەو بەتایبەتی ئەو ماددانەی كە بەئاشكرا لە بەرژەوەندی بەریتانیادایە ئاماژەیان پێكراوە. لە باسی دووەمیشدا كاردانەوەی پێدانی ئەو چیاوگە لەلایەن بیروڕای گشتیو دەربڕینی نارەزایەتییەكان لەنێو

چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران تاوتوێکراوە. لەتەوەری سێیەمو کۆتایشدا پاشەکشەی دەسەڵات لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵکداو هەڵوەشاندنەوەی چیاوگەکەو دەرهاوێشتەکانی خراوەتە بەرباس.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە چەندین سەرچاوەی گرنگ وەرگیراوە، بە تایبەتی ئەو سەرچاوانەی کە نووسەرەکانیان لەنزیکەوە ئاگاداری ئەم رووداوە بوون، بۆ وێنە: بیرەوەرییەکانی عەباس میرزای مولك ئارا "برای بچوکی ناسرەدین شای قاجار"، کە تێیدا ئاوڕی بەسەر ئەم رووداوە داوەتەوە. کتێبی (قرارداد رژی) لەنووسینی شێخ حەسەن کەربەلایی کە خۆی فەرمانبەری کۆمپانیای رژی بووەو مژاری کتێبەکەی تەواو بۆ ئەم رووداوە تەرخانکردووە. هەروەها بەرهەمەکانی فەرەیدونی ئادەمیەت بە ناونیشانی (ایدئولوژی نهضت مشروطیت ایران)، (تاریخ بیداری ایرانیان) لە نووسینی نازم ئیسلامی کرمانی، (جنبش های اجتماعی معاصر ایران)ی سەعید زاهیدو (سنت ومدرنیتە)ی سادق زیبا کلام لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە.

## بەشی یەکەم: ئێران لە نێوان بەرداشی روسیاو بەریتانیادا:

### باسی یەکەم: بارودۆخی سیاسیو رەوتی چاکسازی لە ئێرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم:

سەرانسەری نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم بێجگە لە سەردەمی کورتخایەنی دەسەڵاتی کەریم خانی زەند (١٧٦٠-١٧٧٦) پڕ لە کێشەو ململانێی ناوخۆیی لە نێوان سەرۆك هۆزو دەرەبەگەکان لە پێناو بەدەستهێنانی تاجو تەختی پادشایی بوو. لە ئەنجامدا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم بنەماڵەی قاجار دەسەڵاتیان لە ئێران بەدەستەوە گرت[1]. ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی قاجارەکان (١٧٧٦-١٩٢٥) سەرلەنوێ وەسەریەککەوتەوە. دەسەڵاتی قاجار تەمەنی درێژی خۆی لەگەڵ ئەوەی ناوبانگی نەبوو، بە پلەی یەکەم قەرزداری پشتیوانی دوو زلهێزی ئەوروپی بوو. دوو زلهێز کە پتر لە هەمووان دەستیان لە کاروباری ئێران وەردەدا، ئەم دوو زلهێزە بەریتانیاو روسیا بوون[2].

هەرچەند ئێران بەرواڵەت کولۆنی هیچ زلهێزێك نەبوو، بەڵام لە زۆر لایەنەوە لە بەرامبەر ئەو فشارەی کە بەهۆی دەوڵەتەکانی روسیاو بەریتانیا لەسەری بوو، سەربەخۆ نەبوو[3]. ئێران پاراستنی سەروەری خاکی خۆی دەبوو لە رکابەریو ململانێی نێوان روسیاو بەریتانیادا بدۆزێتەوە. بەریتانیا شێلگیربوو کە لە هەر شوێنێك بۆی بگونجێ کۆتایی بە نفوزی روسیا بێنێو ئەو وڵاتەی وەك ناوچەیەکی جیاکەرەوە لەبەرامبەر پێشڕەوی روسیا بپارێزێ[4]. مەیلی دوو لایەنەی روسیاو بەریتانیا بۆ پێشگیری لە دەست بەسەرداگرتنی ئێران لەلایەن وڵاتی رکابەر، گرینگترین هۆکاری پاراستنی سەربەخۆیی ئێران بوو. بەڵام ئەو سەربەخۆییە رواڵەتی بوو، چونکە ئێران نەیدەوێرا هەنگاوێك هەڵبنێتەوە کە ببێتە هۆی نارەزایەتی توندی بەریتانیاو روسیا[5].

قۆناغی پادشایی ناسرەدین شا (١٨٤٨-١٨٩٦)، کە چوارەمین پادشای بنەماڵەی قاجار بوو، نە تەنیا بە درێژترین ماوەی دەسەڵاتداری لەو بنەماڵەیەدا دەناسرێ، بەڵکو قۆناغێکی گرنگی ئاڵوگۆڕ لە چۆنیەتی کۆمەڵگەی

(١) م.س. ایوانف: تاریخ نوین ایران، ترجمە: حسن قائم پناە، تهران، ١٣٥٧ھ، ص٧.

(٢) نیکی. ار. کدی: ریشەهای انقلاب ایران، ترجمە: دکتر عبدالرحیم گواهی، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٧ھ، ص٧٣.

(٣) فردهالیدی: دیکتاتوریو توسعە سرمایەداری در ایران، ترجمە: فضل الله نیك ایین، تهران، ١٣٥٨ھ، ص١٧.

(٤) گراهام فولر: قبلە عالم (ژئوپولتیك ایران)، ترجمە: عباس مخبر، تهران، ١٣٧٣ھ، ص١٦٦.

(٥) نیکی. ار. کدی: منبع پیشین، ص٦٦.

ئێرانیشدایە[٦]. بە تایبەتی کە پەیوەندی نێونەتەوەیی ئێرانیەکان پەرەسەندنێکی خێراو بەربلاوی بەخۆیەوە بینی[٧]، کە کاریگەری شارستانیو پیشەسازیو دیموکراسی ئەوروپی دەگەیشتنە ئێران، زۆری پێ نەچوو ڕۆژنامەکانی دژبە بە دەسەلاتو نوسراوەو شەونامەکان باسکردن لە شۆڕشیان هێنابووە ئاراوە[٨]. بۆیە بەڕێکەوت نەبوو کە ناسرەدین شا بیست ساڵی دوایی سەڵتەنەتی بەکێشەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مۆدێرنیزم سەرقاڵ کرد[٩].

پەرەسەندنی شارنشینیو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بواری کۆمەلایەتیو ئابوری لە کۆمەڵگەدا پێکهاتبوونو پەرەگرتوویی خێرای پەیوەندیەکان لەشێوەی تیلگراف، هێڵی شەمەندەفەر، پاپۆری هەڵم، پیشەسازی، وەرگێڕانی کتێبو ڕۆژنامەو لەهەمووان گرینگتر سەفەری دەیان ئێرانی بۆ یەکەم جار بۆ دەرەوەی وڵات بوو بەهۆی ئەوەی کە ئێرانییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تر ئاشنابن. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لەهیچکام لە بوارەکانی شارنشینی، شێوازی حکومەتی، دەسەلاتی یاساو ئاسایشی کۆمەلایەتیو مرۆڤەکانو ئاشنایی لەگەڵ زانستو تەکنیکی نوێو پێشکەوتن، وەك ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئێرانییەکان بینیبوویان نەدەچوو[١٠]. ژینگەی کۆمەلایەتی ئێران لەوسەردەمە بە هۆی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان خەڵکی ئێران لەگەڵ خەڵکی ڕوسیا لە باکوورو لەگەڵ بەریتانیا لە باشوور پێکهاتبوو، دواتر هاتوچۆی نوێنەر، باڵوێزو نوێنەرانی ئەوروپی بۆ ئێران زەمینەی چاکسازی نوێی تا ڕادەیەك ڕەخساندبوو، خەڵك بۆ وەرگرتنی بنەمای ژیانو زانستی ئەوروپی ئامادەییان هەبوو[١١].

بەم جۆرە بیری ئاڵوگۆڕو ریفۆرم کەوتە مێشکی هەندێك کەسی وریاو تێگەیشتوو لە نێودەسەلاتدا، کە هەستیان بە دواکەوتوویی ئێران لە کاروانی پێشکەوتن کردو بەگێروگرفتو لاوازییەکانی دەوڵەتی قاجارییەکانیان زانی[١٢]. عەباس میرزاو ئەمیر کەبیر دوو لەو دەستەبژێرەی ناودەسەلات بوون کە هەوڵیاندا سوپاو ڕێبەرانی سیاسی مۆدێرن بکەن[١٣]. عەباس میرزا کورو جێنشینی فەتح عەلیشای قاجار (١٧٩٣-١٨٣٤) بەچاولێکەری لە چاکسازیخوازی سوڵتانی عوسمانی (سەلیمی سێیەم[١٤])و بە پێی سەلیقەی خۆی لە سیستەمی نوێی عوسمانی،

---

(٦) احسان طبری: فروپاشی نظام سنتی در ایران و زایش سرمایەداری در ایران، تهران، ١٣٥٧ه، ص٩٠.

(٧) سعید زاهد: جنبش های اجتماعی معاصر ایران، تهران، ١٣٨١ه، ص٩١.

(٨) مسعود بهنود: کشتگان برسر قدرت (از قائم مقام تا هویدا)، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٠ه، ص١٠٤.

(٩) عباس میلانی: تجدد وتجدد ستیزی، چاپ ششم، تهران، ١٣٧٨ه، ص٣٣٧.

(١٠) صادق زیبا کلام: سنت ومودیرنیته (ریشه علل ناکامی اصلاحات ونوسازی سیاسی در ایران عصر قاجار)، چاپ چهارم، بهار ١٣٧٩ه، ص٢٣١.

(١١) احمد تاجبخش: تاریخ تمدن و فرهنگ ایران (دوره قاجاریه)، تهران، ١٣٨٢ه، ص٤٤٥.

(١٢) ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید: ناسیۆنالیزمی ئێرانی (١٩٠٦-١٩٤٦)، ماستەر نامەی چاپ نەکراو، بەشی مێژووی کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٦، ل٥٢.

(١٣) رامین جهانبگلو: روشنفکرانی ایرانی و مدرنیته، کیان، شماره (٥٣)، تهران، ١٣٨١ه، ص٢١.

(١٤) سوڵتان سەلیمی سێیەم (١٧٨٩-١٨٠٧): بەپێشڕەوی چاکسازانو تۆماری مێژووی عوسمانی دادەنرێت، کە ئەوانەی دوای خۆشی هەمان ڕێبازیان گرتەبەر. چاکسازیەکەشی هەموو بوارەکانی ژیانی گرتەوە لەناو دەوڵەتدا، لە ئیدارەو ڕۆشنبیری، ئابوری، کۆمەلایەتیو سەربازی. (محەمەد سوهەیل تەقوشی: عوسمانییەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خەلافەتدا، وەرگێڕانی: نەریمان خۆشناو، مستەفا سەید مینە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣١٢).

سیستەمی نـوێی لـە ئازەربایجانی ئێـران دامەزرانـد[١٥]. لـە ئازەربایجـان هێزێکـی شـەش هـەزار سـەربازی پیـادەی پێکهێنا تاوەکو ببێتە ناوکی سـوپایەکی تـازەو چـەکی تـازەی پـێ بەخشـین، وەك تـۆپی جولێنـەر، مووچەشـی بـۆ برینـەوە کـە بـە شـێوەیەکی ڕێـكو پێـك پێیـان بـدرێ. هـەروەها بـەرگێکی فەرمیشـیان هـەبوو ولەسەربازگەشـدا جێگیر بوو بوونو ئەفسـەرانی ئـەوروپی مەشـقیان پێـدەکردن، هاوکـات چـەند قوتابیەکیشـی بـۆ خوێنـدن نـاردە دەرەوە[١٦]. بەڵام هەوڵی ریفۆرمیستی ئەمیر کـەبیر سـەدر ئـەعزەمی ناسـرەدین شـا هەمەلایەنـەترو رادیکالتربوو وبوارەکانی کاروباری داراییو کارگێڕی سوپاو پەرەسـەندنی کولتـوری دەگرتـەوە[١٧]، بـە تایبـەتی لـەم بـوارەدا بـۆ زانیـاری خـەڵك لـە هـەواڵو ڕووداوەکـانی وڵاتو جیهـان، بڵاوکراوەیـەکی حەفتانـەی فـەرمی بـەناوی "وقـایع الثقافیـە" دەرکـرد، کـە تـا کـاتی ڕاگەیانـدنی دەسـتوور بـەناوی جۆراوجـۆر لـە تـاران چـاپ دەبـوو، هـەروەها قوتابخانەیەکی باڵای "پۆلیتکنیـك"ی بـەناوی خانـەی هونـەر (دار الفنـون - ١٨٥١) لـە تـاران دامەزرانـد کـە تێیـدا مامۆستایانی ئەوروپی وانەیان دەگوتەوە. بۆ ئەوەی ئەو لاوانـەی کـە بـە خوێنـدن سـەرقاڵ بـوون، زانسـتی نـوێی ئەوروپی فێربن[١٨]. دامەزرانـدنی خانـەی هونـەر هۆکارێکی گـرنگو پتـەوی پەیوەنـدی کولتـوری نێـوان ئێـرانو نەتەوەکانی ئەوروپاو شارستانیەتی نوێ بوو[١٩].

ڕەوتـی سـێیەمی چاکسـازی بـە بـوونی حـاج مـیرزا حوسـێن خـانی سـوپا سـالار (١٨٧١) وەك سـەدری ئـەعزەمی ناسرەدین شا دەستی پێکرد. نـاوبراو کـە مـاوەی سـێزدە سـاڵ بـاڵوێزی ئێـران لـە ئیمپراتـۆری عوسمـانی بـوو، لـە ڕاپۆرتەکانیدا باسی ناسیۆنالیزم، مەشرووتە، حکومەتی یاسا، پێشکەوتنی مـاددیو مەعنـەوی ڕۆژئـاواو پێویسـتی وەرگرتنـی شارسـتانییەتی ڕۆژئـاواو مـافی کۆمەڵایـەتی تـاك کـردووە[٢٠]. هەرچـەندە چاکسازییەکانی سوپاسـالار بەقوڵاییو بەرینی چاکسازییەکانی ئەمیر کەبیر نەبوون، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی هەمەلایەنە بوون بەتایبەت لە بـواری کارگێری دەوڵەت. ناوبراو خانەی گەورەی ڕاوێژکاری "دارلشورای کبری" دامەزرانـد، تـا بـۆ یەکـەمجار حکومـەت بەشـێوازی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا لەسـەر بنـەمای کابینـەی دەوڵـەتو لـە ڕێگـەی هـاوبیری، بڕیـاردانو بەرپرسـیاریەتی کۆدەنگی، بەڕێوەبچـێ[٢١]. سـوپا سالار بۆئـەوەی پشـتیوانی شـا بـۆ پرۆژەکـانی رابکێشـێ هـانی دا بـۆ گەشـت بـۆ ئەوروپا تـا سـەرنجی شارسـتانیەتی ئـەوروپای پێڕاکێشـێ، لەئـەنجامی دوو گەشـتی شـا لـە سـەردەمی نـاوبراو، شـا بەهێنانی هەندێك پێویستی شارستانیەتی تازە ڕازی بوو[٢٢].

بەم جۆرە دەبیـنین ریفۆرمخـوازانی نێودەسـەڵاتو زۆر کەسـی دیکـەی پێشـکەوتووی چـینی ئەشـرافو خانـەدانی قاجار هەرچەندە خوازیاری پاراستنی دەسەڵات (نیزام) بـوون، بـەڵام هـەوڵێکی زۆریـان دا تـا ئێـران بخەنـە سـەر ڕێگای ئاڵوگۆڕو پێشکەوتن، بەڵام سـەرەڕۆیی سیاسـی (شـاو دەربـار) کـە نـەوەکو دەسـەڵاتیان لـە دەسـت دەرچـێو

(١٥) یرواند ابراهامیان: ایران بین دو انقلاب، ترجمە: احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی ولیلانی، چاپ نهم، نشرنی، ١٣٨٣هـ، ص٦٨.

(١٦) د.ئیبراهیم خلیل ئەحمەد، د.خەلیل عەلی موراد: مێژووی ئێرانو تورکیا، وەرگێرانی: بەهائەدین جلال مستەفا، هەولێر، ٢٠١١، ل٩٣.

(١٧) احمد تاجبخش: منبع پیشین، ل ل ٢٤٥-٢٤٦.

(١٨) عبدالعظیم رضایی: تاریخ دەهەزار سالە ایران، جلد چهارم، چاپ دوازدهم، تهران، ١٣٧٩هـ، ص١١٠.

(١٩) عبدالحسین نوایی: ایران وجهان (از قاجاریە تا پایان عهد ناصری)، جلد دوم، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٧هـ، ص٥٠٤.

(٢٠) فریدون ادمیت: اندیشە ترقیو حکومت قانون (عصر سپهسالار)، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٥هـ، ص ص١٢٦، ١٣٠.

(٢١) صادق زیبا کلام: منبع پیشین، ص٢٨٥.

(٢٢) پرویز بابائی: مێژووی هاوچەرخی ئێران، وەرگێرانی: ڕێبوار سەرتیپ زەندی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٠.

دەمارگرژی ئایینی (رووحانیەتی شیعە) کە نەوەکو بەرژەوەندیو قازانجیان لە مەترسی بکەویٔ، هۆکاری ناکامی ئەم چاکسازیانە بوون. هەرچەندە ئەم هەولآنە بیٔ سوود نەبوونو کاریگەری خۆیان لەسەر بنکۆلکردنی قەلآی کۆمەلگەی کلاسیکی ئێران داناو زەمینەی پێکهێنانی قۆناغێکی نوێیان لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئێراندا پێکهێنا.

**باسی دووەم: ململانێی روسیاو بەریتانیا لە ئێران:**

دەستپێکی دەسەلآتی قاجار لە ئێران هاوکات بوو لەگەلٔ گەشەکردنی خێرای پیشەسازی لە ولآتانی رۆژئاواو پەرەسەندنی ئالۆگۆڕە ئالۆزەکانی سەرمایەداری لە ئەوروپا. بورژوازی بە هۆی زیادبوونی بەرهەم هێنانی کالآی پیشەسازی لە لایەك بۆ هەناردەکردنی کالآو بەدەستهێنانی کەرەستەی سروشتی لەلایەکی تر پێویستی بەبازاڕی نویٔ هەبوو[٢٣]. ئێران بەهۆی تایبەتمەندی لە ریزی ئەو ولآتانە بوو کە گرینگی تایبەتی بۆ ولآتانی کۆلۆنیالیست هەبوو[٢٤]. چونکە لە ڕووی جوگرافیەوە لەلایەك دراوسێی ئەفغانەکانو عوسمانی بوو و لە لایەکی تر لە نێوان هیندستانی بەریتانیاو ولآتانی تری زێدەخواز کە چاوچنۆکانە چاویان بڕیبووە هیندستانو بەنیازبوون لە چنگی رکابەری خۆیان (بەریتانیا)ی بیهیننەدەر، هەلٔکەوتبوو. ئێران لە ڕوانگەی سیاسیو ئابووریش دواکەوتووبوو وخۆی لە خۆیدا ناچار بوو ببێتە ئامانجی بەرنامەکانی هێزەکانی کۆلۆنیالیستی[٢٥].

ململانێی بەریتانیا- روسیا بە سیمایەکی دیاری مێژووی ئێران دادەنریٔ لەسەردەمی قاجاری، کە کاریگەریو نفوزی ئەم دوو زلهێزە لەسالٔی ١٨٠٠ بە فشاری نیزامی روسیاو دواتر بەریتانیا دەستی پێکرد. روسەکان کە بە چەکی مۆدێرن تەیاربوون هێزەکانی بەربلآوو عەشایری ئێرانیان بە ئاسانی تێکشکاندو پەیماننامەی سەر شۆڕانەی گولٔستان (١٨١٣)و تورکمنچای (١٨٢٨) یان بەسەر فەتح عەلیشادا سەپاند[٢٦]. بەریتانیاش کە دەیەویست لە روسەکان دوانەکەویٔو لە ئەفغانستان وەك ناوچەیەکی ناوبەند لە بەرامبەر روسیاو پادشاکانی قاجار کەلٔك وەرگریٔ، ناوچەکانی باشووری ئێرانی داگیرکردو (ڕێکەوتننامەی پاریس[٢٧])ی بە شای قاجار مۆرکرد[٢٨]. چونکە بەریتانیا لەسەر ئەو باوەڕەبوو پێشڕەوی روسیا، کۆلۆنیەکانی لە هیندستان دەخەنە مەترسی، هەربۆیە بۆ کردنەوەی جیٔپێی لە دەرباری ئێران کەوتە ڕکابەری روسیا[٢٩].

---

(٢٣) ماشاالله اجودانی: یامرگ یاتجدد، تهران، ١٣٨٢ھ، ص٥٤.

(٢٤) عبدالهادی حائری: نخستین رویارویهای اندیشەگران ایران با دو رویە تمدن بورژوازی غرب، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٠ھ، ص٢٣١.

(٢٥) محمد سالار کسرائی: چالش سنت وموديرنيته در ايران (از مشروطه تا ١٣٢٠)، تهران، ١٣٧٩ھ، ص٢٣٧.

(٢٦) د.ئیبراهیم خلیل ئەحمەد، د.خەلیل عەلی موراد: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

(٢٧) ڕێککەوتننامەی پاریس: بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لە چواری مارسی ١٨٥٧ز لەنێوان ئێرانو بەریتانیا مۆرکرا، دەولٔەتی ئێران ناچاردەبیٔ لە بەرامبەر چوونە دەرەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ئێران سەرەتاو بەزوویی هێزەکانی لە شاری هەرات بکشێنێتەوەو هیچ جۆرە داوایەکی بۆ دەسەلآتو سەلتەنەتی ئەفغانستان نەبیٔو بەم جۆرە ئەفغانستان بۆ هەمیشە لە ئێران جیابۆوە. (محمد طلوعی: خواندنیهای تاریخ، تهران، ١٣٨١ھ، ص١٥٨).

(٢٨) یرواند ابراهامیان: منبع پیشین، ص٩٨.

(٢٩) ان-ك. س. لمبتون: سیری در تاریخ ایران بعد از اسلام، ترجمه: یعقوب اژند، تهران، ١٣٦٣ھ، ص١٨٠.

لە سەرەتای دەیەی ساڵەکانی ١٨٥٠دا قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی ئێران لەگەڵ هێزەکانی ئەوروپی دەستی پێکردو ئەوە ئەو کاتە بوو کە وڵاتانی ئەوروپی هەوڵیان دەدا چیاوگی (ئیمتیازات) چالاکی تایبەتی ئابووری بەدەست بهێنن[٣٠]. بەهۆی فشاری دەوڵەتەکانی روسیاو بەریتانیاو سەرمایەدارانی ئەو وڵاتانە لەلایەك و لاوازیو بێهێزی دەسەڵاتی ناسرەدین شا لەلایەکی تر قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد، کە بە ناوی سەردەمی راوی چیاوگەکان یا هێرشی نێونەتەوەیی ناوبانگی دەرکردووە[٣١]. گرینگترین ئەو چیاوگانەی کە روسەکان لە ئێرانیان وەرگرت: چیاوگی شیلات (راوی ماسی) دەریای قەزوین، دروست کردنی ڕێگاوبان، ڕاکێشانی هێڵی تیلگەراف و ئاسن و دامەزراندنی بانك[٣٢]. دەوڵەتی روسیا لە سەردەمی پادشایی ناسرەدین شا یەکێك لە گرنگترین ناوەندەکانی دەوڵەتی ئێرانی بەدەستهێنا، کە بە ناردنی ڕوایێژکارانی سەربازیو دامەزراندنی فەوجی قۆزاق لە ساڵی ١٨٧٩دا هێزی بەرگری ئێرانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی[٣٣].

روسیا لە دەیەی ١٨٩٠ هەوڵیدا بەشێوازێکی هێمنانە لە ڕەوتی رکابەری هەنگاو بە هەنگاو، دەست بەسەر هەموو ئێراندا بگرێو بەریتانیا بخاتە پەراوێزەوە، بەڵام روسیا لە ئاستی جیهاندا هێشتا لەدوای دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی تر بوو، چونکە لەڕووی پێشکەوتنی پیشەسازیو هێزی سەربازی نێوخۆیی گیروگرفتی هەبوو. شۆڕشی ١٩٠٥و شکانی بەرامبەر بە ژاپۆن لە هەمان ساڵدا ئەو خاڵە لاوازانەی ئاشکراتر کردو ڕەوتی کۆنترۆڵی ڕەهای ئێران بە هۆی روسیاوە هێورکردەوە[٣٤]. ڕاستە دەوڵەتی روسیا لە بەدەستهێنانی چیاوگی ئابوریو سیاسی بە رادەی بەریتانیا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لە بەرامبەر هەر چیاوگێك کە بە دەوڵەت، یا هاوڵاتیەکی بەریتانی دەدرا، سەرمایەدارانی روسیاش هەوڵیان دەدا بۆ وەرگرتنی چیاوگێکی لە هەمان جۆر[٣٥].

دەوڵەت و سەرمایەدارانی بەریتانیش کۆمەڵێك چیاوگی گرینگی ئابوریان بەدەستهێنا. بێجگە لە چیاوگی بانکی شاهەنشاهی، ڕاکێشانی هێڵی تیلگراف و مافی کەشتیوانی لە باشووری روباری کارون[٣٦]، دوو چیاوگی دیارو گرینگیان بەدەستهێنا کە بریتی بوون لە: چیاوگی رویتەرو تالبۆت. لە ساڵی ١٨٧٢ هاوڵاتی بەریتانی (بارۆن دی رویتەر) چیاوگی ڕاکێشانی هێڵی ئاسن لە دەریای قەزوین بۆ کەنداو، سوود وەرگرتن لە دارستانەکان و هەموو کانەکانی ئێران بێجگە لە زێرو زیوو بەردی بە نرخ بۆ ماوەی حەفتا ساڵ وەرگرت[٣٧]. دەوڵەت لە بەرامبەردا لە سوودی گشتی هێڵی شەمەندەفەر ٤٠٪و لەبەشەکانی تر ١٥٪ی وەردەگرت. لورد کیرزن کە ماوەیەك وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو لەم بارەیەوە دەڵێ: "سەیرو سەمەرەترین و کامڵترین پێدانی گشت سەرچاوەکانی پیشەسازی وڵاتێك کە درابێتە دەستی کەسێکی دەرەکی، شتی وا لە مێژوودا بێ وێنەیەو تەنانەت بە خەونیش

(٣٠) نیکی. ار. کدی: منبع پیشین، ص٩٨.

(٣١) محمد سالار کسرایی: منبع پیشین، ص٢٦٩.

(٣٢) جان فوران: تاریخ تحولات اجتماعی ایران، ترجمە: احمد تدین، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٠ه، ص١٧٥.

(٣٣) علی اصغر شمیم: ایران در دوران سلطنت قاجار، تهران، ١٣٧٩ه، ص٢٦٤.

(٣٤)جان فوران: منبع پیشین، ص١٧٧.

(٣٥) علی اصغر شمیم: منبع پیشین، ص٢٦٣.

(٣٦) محمد سالار کسرائی: منبع پیشین، ص٢٤٢.

(٣٧) بۆ زانیاری وردتر لەم بارەیەوە بروانە: (أ. گرانتوسکی ودیگران: تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، چاپ سوم، تهران، ١٣٦١ه، ص ص٣٢٠، ٣٢١، ٣٢٢).

نەیاندەبینی"[٣٨]. روسەکان بە توندی ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەو ڕێککەوتنە دەربڕیو ناسرەدین شا ناچاربوو هەڵیوەشێنێتەوە[٣٩]. دواتر بۆ دڵدانەوەی رویتەر دەوڵەتی ئێران چیاوگی دامەزراندنی بانکی شاهەنشاهی پێدا بۆ ماوەی شەست ساڵ[٤٠].

ململانێی روسیاو بەریتانیا تەنیا بواری ئابوری نەگرتەوەو بەڵکو ئەو رکابەرییە نەك تەنیا لایەنی سیاسی بەڵکو دەستێوەردانی لەکاروباری دەوڵەتیشی گرتەوە. تەقی بەهار مێژوونووسی ئێرانی لەم بارەیەوە دەڵێ: "نفوزی کاربەدەستانی کۆلۆنیالیستی روسیاو ئینگلیز گەیشتبووە رادەیەك کە ئەنجامدانی بچوکترین کار بەبێ ڕازی بوونی ئەوان مومکین نەبوو. هەر کام لەم دوو دەوڵەتە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان هەبوو، هەر دەسەڵات خوازێك کە نیازی دەسەڵاتی هەبوو، دەستەو داوینی ئەوان دەبوو، هەر وەزیرێك کە لەسەر کورسی دەسەڵات بمابایە دەبوو بە فەرمانی ئەوان هەڵسووکەوتی کردبا. دژایەتی لەگەڵ نفوزی ئەو دوو دەوڵەتە دەبوە هۆی لەکیس چوونی ماڵو پلەو تەنانەت گیانیشی"[٤١]. هەروەها بە فشار هێنان بۆ سەر شاو سەدری ئەعزەم پۆستو پلەی بەرزیان بۆ لایەنگرانی خۆیان وەردەگرت. هەرلایەك هەوڵیدەدا کە لایەنگرانی خۆیان بەهێزبکەنو دژ بەرەکانیان لاوازبکات. بەکورتیو بەپوختی لە هەموو شوێنو کاتێك بەریتانیو روسەکان دەستیان لە کاروباری سیاسەتی ئێران وەردەداو تەنانەت لەهێنانە سەرکارو لابردنی کابینەکانی حکومەتیشدا ڕۆڵیان هەبوو. هەربۆیەش زۆر لە سیاسەتمەدارانی قاجار بەلایەنگری لە سیاسەتی یەك لەم دوو دەوڵەتە بەناوبانگ بوون[٤٢].

ئەم بارودۆخە سیاسیەی ئێران داوێنی کەسی یەکەمی ولاتیشی دەگرتەوەو ئەویش لێی بێ بەری نەبوو. ناسرەدین شای قاجار کە لە بەراورد لەگەڵ پادشاکانی پێشو پاش خۆی قورسو قایمتر دەهاتە بەرچاو، بە دەست نفوزو رکابەریی ئەم دوو زلهێزە هاواری لێ بەرزبۆوەو دەڵێ: "ململانێی روسیاو بەریتانیا بەجۆرێکە کە ئەگەر بمەوێ بۆ گەشتو گوزار یا ڕاوکردن بڕۆم بۆ باکوور، ڕۆژهەلات یا ڕۆژئاوای ولاتەکەم، دەبێ لەگەڵ نوێنەری دەوڵەتی ئینگلیز ڕاوێژبکەمو ئەگەر بمەوێ بۆ باشوور بڕۆم دەبێ ڕای روسیا وەربگرم"[٤٣]. وناچاریش بوو بۆ پاراستنی تەختی پادشایی هەرجارەی روی خۆش بە یەك لەم دوو دەوڵەتە نیشان بداتو داواکاریە بێجێیەکانیان پەسندبکات[٤٤]. ئەگەر ململانێو رکابەری نێوان روسیاو بەریتانیا بۆ هۆی ئەوەی ئێران داگیر نەکرێو نەبێتە ولاتێکی کۆلۆنی تەواو لەشێوەی هیندستان، بەلام هەروەك دەبینین ئەم سەربەخۆییەش چ لە ڕووی سیاسیو چ لە ڕووی ئابورییەوە ڕواڵەتیەو دەکرێ بڵێین لەم سەردەمەدا ئێران ولاتێکی نیوە کۆلۆنی بوو.

(٣٨) پیتر اوری ودیگران: تاریخ ایران کمبریج، ترجمه: تیمور قادری، جلد هفتم، چاپ سوم، ١٣٨٧ﻫ، ص٤٤٤.

(٣٩) صدیق صنفی زاده (بورەکەیی): تاریخ پنج هزار ساله ایران، جلد دوم، تهران، ١٣٨١ﻫ، ص١٧٥٦.

(٤٠) عزیزالله بیات: تاریخ مختصر ایران، تهران، ١٣٥٧ﻫ، ص٢٠٦.

(٤١) تقی بهار: میراث خوار استعمار، چاپ چهاردهم، تهران، ١٣٥٥ﻫ، ص٤٣٠.

(٤٢) عبدالحسین نوایی: منبع پیشین، ص١٢.

(٤٣) جان فوران: منبع پیشین، ص١٦٧.

(٤٤) علی اصغر شمیم: منبع پیشین، ص٢٠٥.

**بەشی دووەم: پێدانی چیاوگی توتن بە بەریتانیاو کاردانەوەو لێکەوتەکانی:**

**باسی یەکەم: چۆنیەتی پێدانی چیاوگی توتن بە بەریتانیا:**

لە درێژەی پێدانی چیاوگی ئابوری بە وڵاتانی ئەوروپیو بە تایبەت روسیاو بەریتانیا، ناسرەدین شا لە ماوەی سیهەمین گەشتی بۆ دەرەوەی وڵات، لە بەریتانیا چیاوگی کڕینو فرۆشتنی توتنی هەموو ئێرانو چاودێری بەسەر بەرهەم هێنانی بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بە هاوڵاتیەکی بەریتانی بە ناوی "میجەر جرالد تالبوت" بەخشی[٤٥]. ئەو چیاوگەی کە لە ئێراندا بەناوە فەرەنسی یەکەی بە "رژی" بەناوبانگە[٤٦]. ئەو چیاوگنامەیەی لە پانزە مادده پێکهاتبوو، لە مادەی یەکەمدا هاتووە: "خاوەنەکانی ئەو چیاوگنامەیە هەموو ساڵێ بڕی پانزە هەزار لیرەی ئینگلیزی دەدرێ بە خەزێنەی پادشاهی بە بێ لەبەرچاوگرتنی زەرەرو سوودەکانی ئەو کۆمپانیایە. ئەم پارەیە هەموو ساڵێ لە پێنج مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو دەدرێ"[٤٧]. هەروەها دەستکەوتنی چارەگی بەهای قازانجی کۆمپانیا فۆرغکارەکە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دەدرێت[٤٨].

ماددەکانی دوو، شەشو هەشت لە هەمووان گرینگتربوون. بەپێی ئەو ماددانە بەهەموو ئەو خاوەن زەوییانەی توتنیان بەرهەم دەهێنا فەرمانیان پێ کرابوو کە خۆیان بەنوێنەرانی کۆمپانیای رژی بناسێنن، بەپێچەوانەوە جەریمە یا زیندانی دەکرێن. هەروەها شاردنەوە یا فرۆشتنی سەربەخۆی توتن قەدەغەیەو مافی نرخ دیاریکردن بۆ بەرهەمەکانی توتن هی خاوەن چیاوگە[٤٩]. بەم جۆرە تالبوت ئیزنی پێدرا گشت توتنی بەرهەم هێنراو لە ئێران بۆ هەناردەکردن یا فرۆشتن لە بازاڕی ناوخۆ بکڕێ. توتنەوانان ناچارکران بەرهەمەکانی خۆیان بە کۆمپانیای تالبۆت بفرۆشنو فرۆشیارانی ناوخۆ دەبوو بۆ فرۆشتنی توتن مۆڵەتی کۆمپانیاکەیان پێبێ[٥٠].

ئەو چیاوگە لە هەمان کاتدا لە نوسینگەی وەزارەتی دەرەوە لە تارانو باڵیۆزخانەی بەریتانیا تۆمارکراو گواستنەوەو ڕاسپاردنی بە کۆمپانیای رژی بە فەرمی لەکاتی خۆیدا جێبەجێکرا. شا ڕاگەیەندراوی دامەزراندنی کۆمپانیای رژی لە ئێران دەرکردو بەکاربەدەستانی هەرێمەکان فەرمانی کرد هەوڵ بدەن بۆ بەهێزکردنو ناساندنی هاوکاریی بکەن[٥١]. کۆمپانیای تالبوت نوێنەرانی خۆی بۆ هەموو ناوچەکانی ئێران ناردو ئەمانە بەشێوازێکی توندوتیژ دەستیان لە ژیانی ناوخۆی وڵات وەردەدا[٥٢].

ڕێککەوتننامەی رژی لە ڕوانگەی ئابورییەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕێککەوتننامەیەکی هاوشێوە کە دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامی دابوو و داهاتی زۆرتری پێ دەبڕا جێی نائومێدی بوو. دەوڵەتی عوسمانی کە دراوسێی ڕۆژئاوای ئێران بوو ڕێککەوتننامەیەکی هاوشێوەی لەگەڵ بەریتانیا مۆرکردبوو، بەڵام داهاتی یەك ساڵی ئەوان

---

(٤٥) احمد تاجبخش: منبع پیشین، ص٥٠٧.

(٤٦) شجاع الدین شفا: پس از هزاروچهارصد سال، جلد دوم، نشر فرزاد، ٢٠٠٣ز، ص٨١٦.

(٤٧) بۆزانیاری لەسەر گشت ماددەکانی ئەو چیاوگنامەیە بڕوانە: (ناظم السلام کرمانی: تاریخ بیداری ایرانیان، جلد اول، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧١ه، ص ص٥٢- ٥٣).

(٤٨) د.یاسین سەردەشتی، بەرزانی مەلا تەها: مێژووی هاوچەرخی ئێران، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٠ز، ل٢٠.

(٤٩) عباس قدیانی: تاریخ وفرهنگ تمدن ایران در دوره قاجار، تهران ١٣٨٣ه، ص٩٨.

(٥٠) جان فوران: منبع پیشین، ص٢٥٠.

(٥١) ان.ك.س. لمبتون: منبع پیشین، ص٢٦٠.

(٥٢) ا.ا.گرانتوسکی ودیگران: منبع پیشین، ص٣٦٢.

بـڕی سـێ ملیـۆن‌و شـەش سـەد هـەزار پاوەنـد بـوو، بێجگـە لەمـە یـەك لەسـەر چـواری سـوودی سـاڵێكی كۆمپانیایەكـەبوو. بـاو بـوو كـە بەرهـەمی تـوتنی وڵاتـی عوسمـانی بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەوەی ئێـران لـە ڕووی چەندایەتی‌و چۆنایەتیەوە لە پلەیەكی خوارترە[٥٣].

سروشتی بوو كە ئەو چیاوگە بە سانایی نەكەوتبووە دەستی ئینگلیزەكان، تالبوت ڕێگای گەیشتن بـەم چیاوگەی لە نامەیەكدا، كە بۆ سەدری ئەعزەمی نوسیوە، ئاشكرا دەكات: " ئەمن میجەر تالبوت بەڵێن دەدەم بـە حـەزرەتی ئەشـرەف (ئـەمین سـوڵتان[٥٤])و عولیـا حـەزرەت شـای ئێـران، چـل هـەزار لـیرەی ئینگلیـزی بـدەم بـە حـەزرەتی ئەشرەف. دە هەزار لیرە لەم بـڕە پارەیـە لـە ڕۆژی پێشكەشـكردنی چیاوگنامەی ڕژی‌و دە هـەزار لـیرەی دیكـە لـە یەكەم ڕۆژی جـێ بـەجێ كردنـی‌و ئـەو بیست هـەزار لـیرەی كـە دەمینێتـەوە دوو مـانگ پـاش دەسـتبەركاربوونی كۆمپانیاكە بەدەستتان دەگات"[٥٥]. تالبوت بەیارمەتی (ولف) باڵیۆزی بـەریتانیا لـە ئێـران لەگـەڵ ئـەمین سـوڵتان دەقـی ڕێككەوتننامەكـەیان ئامـادەكردو ڕەشـوە (بـەرتیل)یـدا بـە هەركـەس كـە پێویسـت بـوو. دوای كۆتـایی ئامادەكارییەكان، ئەمین سوڵتان بەڵگەی بیست‌و پێنج هەزار لیرەی دایە دەستی شـا تـا واژۆی بكـات‌و تێشیگەیاند كە هەر ساڵەی پانزە هەزار لیرەش پێشكەشی دەكرێ. شاش ڕێككەوتننامەكەی واژۆكرد[٥٦].

برای ناسـرەدین شـا (عـەباس مـیرزای مولـك ئـارا) لـە گێڕانـەوەی سـەربوردەی خۆیـدا سـەبارەت بـە پێـدانی ئـەم چیاوگنامەیە دەڵێ: "شا چیاوگی توتنی بە نرخێكی زۆر كەم‌و بێ مەرج بە كۆمپانیایەكی ئینگلیزی فرۆشـت، لـە كاتێكدا پێویست بوو ڕێككەوتنێكی تەندروست ڕەچاوبكرێ‌و بڕە پارەیەكی زۆر لە ساڵدا وەربگرێ، بـەڵام لەوەیـدا كە بڕە پارەیەكی زۆر درابوو بە شاو شوێنەواری هیچ كـەس كـە لەوانـەبوو كـارێكی لـە دەسـت بهاتبایـە نـەمابوو، بێجگە لەوانەی ڕەشوە خۆربوون‌و ئەمانەش پێیان هەڵگوت‌و پەسەندیان كردو كۆمپانیای بەریتانی ڕازی بوو كـە ساڵانە پانزە هەزار لیرەی ئینگلیزی بدات بە شاو لە دەرەوەی ئەو ڕێككەوتننامەیەش بە نهێنی ڕێككەوتبوون كـە بڕە پارەیەك بدرێ بە میرزا عەلی ئەسغەر خانی ئەمین سوڵتان‌و كەسانی تر"[٥٧].

بەوردبوونـەوە لـە نـاوەڕۆكی ئـەو ڕووداوە دەردەكـەوێ كـە كاربەدەسـتانی دەوڵـەتی قاجـار چـاوو گـوێی خۆیـان داخستووە لە بەرامبەر ڕەشوەیەكی زۆر كە لایەنی تری ڕێككەوتننامەكە پێی داون‌و بە هیوای ئەو بەڵێنانەی كـە بۆ داهـاتوو پێیـان دراوەو بـە نـەزانینێكی تـەواو بەڵگەنامەیـەكیان مـۆركردووە كـە ئـەو بـڕە شـكۆیەی بـۆ ئێـران مابۆوە ئەویش بە بادابچێ[٥٨]. لە قەوارەی سیاسی وڵاتدا شا كە لـە لوتكـەی دەسـەڵاتدایە، دەسـەڵاتی بـێ سـنوورو ڕەهایـەو هـیچ یاسـایەك‌و دامەزراوەیـەك لەمپـەر نیـە لـە بەرامبـەر ئـیرادەو فـەرمانی ئـەودا، هـەر بۆیـە هـەر

(٥٣) سعيد زاهد: منبع پيشين، ص٩٩.

(٥٤) ئەمین سوڵتان: میرزا عەلی ئەسغەر خانی ئەتابەك ئەعزەم (١٨٥٦-١٩٠٧) كوری ئیبراهیم. ناوبراو سەدری ئـەعزەمی ناسـرەدین شا، موزەفەرەدین شاو محەمەد عەلیشا بوو، لەساڵی ١٩٠٧ كاتێـك لـە پەرلـەمان (ئەنجومـەنی شـوورای میللـی) دەهاتـەدەر بەدەسـتی هاوڵاتیەكی ئازەربایجـانی بـەناوی عـەباس ئاغـا (ئەنـدامی ئەنجومـەنی ئازەربایجـان) لەتەمـەنی پـەنجا سـاڵی كـوژرا. (محمـد معـين: فرهنگ فارسى، جلد پنجم (اعلام)، چاپ هفتم، تهران، ١٣٦٤ھ، ص١٨١).

(٥٥) عباس قدياني: منبع پيشين، ص٩٨.

(٥٦) عبدالحسين نوايي: ايران وجهان...، منبع پيشين، ص٧٩٧.

(٥٧) عبدالحسين نوايي: شرح حال عباس ميرزا ملك ارا، تهران، ١٣٦١ھ، ص٢٨٢.

(٥٨) عباس رمضاني: ناصرالدين شاه قاجار، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٥ھ، ص٩٧.

ڕێککەوتنێك کە ڕازی بوونی ئەوی لەسەر بێ، بێ ئەم لاو ئەولا جێبەجێ دەکرێ‌و گرینگ سوودو قازانجی کەسی ناوبراوە نەك بەرژەوەندی خەڵك‌و وڵات.

**باسی دووەم: کاردانەوەو هەڵوێست وەرگرتن:**

لە سەرەتای بەهاری ١٨٩١ کۆمەڵێك لە هاووڵاتیان‌و کارمەندانی ئینگلیزی لە هەموو لایەکەوە بەپەلە گەیشتنە ئێران بۆ وەگەڕخستنی کاروباری کۆمپانیاکە، چونکە ئەو دەستکەوتە لەوە بەنرختر بوو کە کات بەفیڕۆ بڕوات[٥٩]. بەڵام زۆری نەکێشا کە ئاکامی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەرکەوت‌و لەگەڵ دەربڕینی ناڕەزایەتی‌و دژایەتی چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك بەرەو ڕوو بوو. لەنێو بەرەی ناڕازییەکاندا، چینی بازرگان، رووناکبیران، رووحانیەتی شیعەو دەوڵەتی روسیا، هەرکامیان بە هاندەرێکی تایبەتی ڕۆڵیان بینیوەو ئێمە لێرەدا لەسەر ڕۆڵ‌و کاریگەری ئەوانە لم بزاڤەدا وورد دەبینەوە.

کاریگەری ئەو چیاوگە پتر لە هەموو چیاوگێکی ڕابردوو بوو، کە بە ئەوروپییەکان درابوو. هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بوو بۆسەر بەرژەوەندی بەشێك لە بازرگانەکان، دوکاندار، توتنکارەکان‌و هەروەها کاریگەری بەسەر سەدان هەزار کەس هەبوو کە توتنیان بەکاردەهێنا. بە پێی هەڵسەنگاندنێك لە ساڵی ١٨٩٠ نزیك بە چوار ملیۆن تەن توتن لە ئێران بەکاردەبردراو پێنج هەزارو چوارسەد تەنیش هەناردە دەکرا[٦٠]. لە ڕاستیدا ئەو ڕووداوە جێی سەرنجی جەماوەربوو بەگشتی، چونکە هەر ئێرانیەك لەگەڵ چایەو قاوە بەنێرگەلەش خزمەتی میوان دەکات[٦١]. لە ئێراندا بەکاربردنی توتن نزیکە لە خەرجی نان‌و ڕێژەی ناوەندی ئەو کەسانەی کە توتن بەکاردەبەن بە دوو ملیۆن‌و نیو مەزەندە دەکرا[٦٢].

یەکەم گرووپی کۆمەڵایەتی کە لە دژی ئەم ڕێککەوتننامەیە ناڕەزایەتی دەربڕی چینی کاسبکارو بازرگانەکانی توتن بوون. بە تایبەتی کە ئەو چیاوگنامەیە شوێنەواری خراپی لەسەر کارو بژێوی کۆمەڵێکی دووسەد هەزار کەسی دانا[٦٣]. بازرگانەکان بە ناوبژی (ئەمین ئەلدەولە[٦٤]) نامەیەکیان بۆ ناسرەدین شا نووسی‌و شکایەتیان لەم دۆخەکرد، بەڵام چونکە شاو ئەمین سوڵتان خۆیان ئەو چیاوگەیان دابوو ولایەنگیری بوون، ئەم داوایە ئاکامێکی لێنەکەوتەوە[٦٥]. یەکێك لە بازرگانان لە دژایەتی رژی دا دەڵێ: "ئەو چیاوگە نیشانەی ئەوەیە کە دیوان لەخەمی

(٥٩) تقی بهار: منبع پیشین، ص٥١٧.

(٦٠) جان فوران: منبع پیشین، ص٢٥٠.

(٦١) تقی بهار: منبع پیشین، ص٥١٧.

(٦٢) نیکی أر.کدی: منبع پیشین، ص٢٦٢.

(٦٣) فریدون ادمیت: ایدئولوژی نهضت مشروطیت ایران، چاپ اول، تهران، ١٣٨٧ه، ص٣٦.

(٦٤) ئەمین ئەلدەولە: میرزا عەلی خانی ئەمین ئەلدەولە (١٨٤٣-١٩٠٤) لەکاربەدەستانی سەردەمی قاجار، نووسەرو کەسایەتیەکی تێگەیشتوو بوو. موزەفەرەدین شای قاجار پاش لابردنی ئەمین سوڵتان بەسەرۆکی وەزیرانی هەڵبژارد. بۆ دامەزراندنی کارخانەو ئەنجامدانی چاکسازیی لە هەوڵدابوو، بەڵان دژایەتی توند دەکراو سەرئەنجام شا لە پۆستەکەی لابرد. لە سیاسەتی ناوخۆیی دا بەپێچەوانەی ئەمین سوڵتان دژی دەستێوەردانی رووحانیەکان بوو لەسیاسەت‌و گوێی بەناڕەزایەتی‌و دژایەتی ئەوان لەگەڵ نوێبوونەوەو پێشکەوتن نەدەدا. (محمد معین: منبع پیشین، ص١٨٠) ؛ بۆزانیاری زیاتر لەبارەیەوە بڕوانە: (ماشاالله أجودانی: مشروطه ایرانی، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٣ه، ص ص٢٦٩- ٢٧٩).

(٦٥) احمد کسروی: تاریخ مشروطه ایران، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨ه، ص٧٤.

رەعیـەت دانیـە، دەسـەلات چـی پـێ خـۆش بـێ بـۆی دەچـێتە پـێش‌و کـەس پرسـیارو وەلام ناکـات، لێپرسـینەوە لەئارادانیە، هەرئەوەندە بەسـە کـە پـارە بـە دیـوان بـدرێ، بۆیـە کـار بـەم ڕۆژگەیشـتووە، لـە ڕێگـەی ئـەم چەشـنە چیاوگانە ئینگلیزییەکان وەك هیندستان دەبنە خاوەنی ئێران. بازرگانی تـوتن کـە لەدەسـت رەعیـەت‌و بازرگانـدا بوو کەوتە دەستی ئەوروپییەکان، لێرە بەدواوە خەلك بێکار دەبن، یا دەبێ کرێکاری بکەن یا دزی‌و ڕێگری بکەن، سبەینێ کەسێکی تردێ‌و چیاوگی پەشم، تریاك، برنج‌و کەتیرەش دەبا"[٦٦].

چیاوگی توتن زۆر پتر لە هەموو چـیاوگێکی دیکـە کەوتـە بـەر ڕەخنـەو دژایـەتی گشـتگیری خـەلك، چـونکە ئـەو چیاوگە بە پێچەوانەی چیاوگەکانی تر بابەتێکی دەست لێنەدراوو پـەراوێز خـراو نـەبوو، کـە خـەلك زانیـاری لـە بارەیەوە نەبێ‌و یا کەمتر ئاوڕیان لێ دابێتەوە، بەلکو لەگەل بەرهەمێك سەروکاریان هەبوو، کە بەڕادەیـەکی زۆر لە ئێران بەرهەم دەهات‌و پەیوەنـدی بـەژیانی راسـتەوخۆی کۆمـەلانی خـەلکی ئێرانـەوە هـەبوو، چـونکە زۆر لـە خـاوەن زەوییـەکان، بازرگانـەکان، دوکانـدارو ئـەو کەسـانەی هـەناردەیان دەکـرد، کـەلکیان لێـوەردەگرت[٦٧]. بۆیـە ناڕەزایـەتی لـە دژی کۆمپانیـای رژی شـارە گـەورەکانی وەك: تـاران، تـەبرێز، شـیراز، ئەسـفەهان‌و مەشـهەدی گرتەوە[٦٨]. بە تایبەتی بازرگانەکان‌و رووحانیەت لەم پەرەسەندنەدا ڕۆلیان هەبوو[٦٩]. مێـژوو نوسـی بـەناوبانگی ئێرانـی ئەحمـەد کەسـرەوی دەلـێ: "پـێش لـە هـەموو شـوێنێك تـەبرێز ڕاپـەری‌و خـەلك ریکلامـەکانی کۆمپانیایەکەیان کە بە دەورو دیوار هەلواسـرابوو دڕانـدو لـە شـوێنیان بلاوکراوەی شۆڕشـگێڕیان هەلواسـی"[٧٠]. دەولەت ناچاربوو بەشێوەی کاتیش بێ چالاکی کۆمپانیای رژی لە تەبرێز هەلپەسێرێ[٧١].

بزاڤی ناڕەزایی ئازەربایجان لە شوێنەکانی تر بە گورتربوو، چونکە هەرچەندە توتنی ئەو ناوچەیە بە ڕادەیـەکی زۆر نەدەهاتـە ئـەژمار، بـەلام هـەناردەکردنی تـوتنی شـیرازو ئەسفەهان‌و کاشـان‌و ناوچـەکانی دیکـەی ئێـران بـۆ دەرەوە بە تایبەتی بۆ دەولەتی عوسمانی لە پاوانی بازرگانانی ئازەربایجانی دابوو[٧٢].

لە شیراز زۆربەی خەلك لە زەوییەکانیان لەپاش گەنم‌و جۆ، توتنیان دەچاند، هەربۆیـەش زۆر زوو ناڕەزایـەتیان دەربڕی‌و لە شوێنێکی پـیرۆز بـە نـاوی "شـاه چـراغ" کۆبوونـەوەو رق‌و بێـزاری خۆیـان لەدەسـتی کاربەدەسـتانی کۆمپانیـای رژی بـەگوێی دەربـاری ناسـرەدین شـا گەیانـد. دەولـەت لەڕێگـەی توندوتیژییـەوە کـە کوشتاریشـی لێکەوتەوە خەلکەکەی بـلاوە پێکـردو رووحانییـەکی بـەناوی سـەید عـەلی ئەکبـەری فالحەسـیری کـە لـەم رووداوە ڕۆلی هەبوو، لە شیراز دوورخستەوە[٧٣].

لە ئەسفەهانیش لەدوای شیرازدا دوکان‌و بازاڕ بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر هاتنی کاربەدەستانی کۆمپانیای توتن بۆ ئەو شارە داخران‌و لە شاری کرمان هەر لەوبارەیەوە دووسـەد بازرگـان‌و کاسبکار، کـە بـژێوی

---

(٦٦) صادق زیبا کلام: منبع پیشین، ص٣٩٧.

(٦٧) نیکی.أر.کدی: منبع پیشین، ص١١٠.

(٦٨) احمد کسروی: منبع پیشین، ص٧٥.

(٦٩) پیتر أوری: منبع پیشین، ص١٥٣.

(٧٠) احمد کسروی: منبع پیشین، ص٧٥.

(٧١) نیکی.أر.کدی: منبع پیشین، ص١١٠.

(٧٢) عبدالحسین نوایی: ایران وجهان از قاجاریه تا پایان عهد ناصری...، منبع پیشین، ص٧٩٨.

(٧٣) محمد علی تهرانی (کاتوزیان): مشاهدات‌و تحلیل اجتماعی‌و سیاسی از تاریخ انقلاب مشروطه ایران، تهران، ١٣٧٩ه، ص٤٨.

ژیانیان تایبەت بە توتن فرۆشتن بوو، دەستیان لە کار هەڵگرت[٧٤]. لە پایتەخت (تاران) شڵەژان لە ٢٢ی ئایاری ١٨٩١ روویدا[٧٥]و بازرگانەکان بە ناوبژیوانی ئەمین ئەلدەولە نامەیەکی نارەزایەتیان بەرامبەر بە کۆمپانیای رژی بۆ ناسرەدین شا نووسی[٧٦]و هەروەها هەر لە تاران نووسراوێك لەلایەن روحانیەکان بڵاوبۆوە، کە ئەگەر تا حەفتەیەکی تر کۆمپانیای رژی ئێران جێ نەهێڵێ فەرمانی جیهاد لە دژیان دەردەکرێ[٧٧].

رێبەرایەتی پلەی دووەمی بزاڤەکە لە ئەستۆی گروپێکی نوێی روناکبیران بوو، کە ژمارەیەکیان لایەنگری سەید جەمالی ئەفغانی بوون[٧٨]. رۆژنامەنووسان، نووسەران، دیپلۆماتەکان، کاربەدەستانی دیوانو ئەندامانی چینی ناوەراست، کە خوێندنی نادینی یان هەبوو یا گەشتی دەرەوەی وڵاتیان کردبوو، کرۆکی ئەو گروپەیان پێکدەهێنا[٧٩]. نارەزایەتی روناکبیران لەپێدانی چیاوگی جۆراوجۆری وەك: (رژی، لاتاری، هێڵی ئاسن، کەڵك وەرگرتن لە کانەکان) بە وڵاتانی دەرەکیو قەرز وەرگرتن بوو بە هۆی ئەوەی کە کەسایەتییەکانی وەك: سەید جەمال ئەلدین ئەسەد ئابادیو (میرزا مولکەم خان[٨٠])و (ئاغا خانی کرمانی[٨١]) دژایەتی دەسەڵاتو بیروڕای گشتی تێبگەیەنن[٨٢]. کاتێك چیاوگی توتن بە ئینگلیزیەکان درا، جەمال ئەلدین تێگەیشت دەتوانێ لەو چیاوگەوە چەکێك دروست بکاتو تەنانەت کەم خوێندەوارترین روحانیش بە دژی هانبدات. موسڵمانانی دەمارگرژ لەسەر ئەو باوەڕەی بوون ئەو توتنەی دەستی مەسیحیەکانی پێکەوتبێ ئەوان گڵاو دەکات، کە وابو دەکرێ خەڵك بۆ خەبات لە دژی چیاوگێك هان بدرێ توتنی لە پاوانی ناموسڵمان ناوە. جەمال ئەلدین خەبات

هەواڵنامەی کتێب

(٧٤) فریدون أدمیت: منبع پیشین، ص٣٨.

(٧٥) سعید زاهد: منبع پیشین، ص١١٣.

(٧٦) احمد کسروی: منبع پیشین، ص٧٤.

(٧٧) احمد تاجبخش: منبع پیشین، ص٥٣٣.

(٧٨) سید جمال ئەلدین ئەسەد ئابادی (ئەفغانی): لەساڵی ١٨٢٨ز لەئەسەد ئابادی هەمەدان لەدایك بووە، بەڵام ناسراوە بە ئەفغانی. یەکێك لەبناغەدانەرانی ئایدۆلۆژیای حکومەتی ئیسلامییە، هەوڵەکانی ئەو لەپێناو پێشگرتنی هێرشی بەربڵاوی دەوڵەتە ئەورووپییەکان بۆ وڵاتانی ئیسلامی بوو. سەردانی تاران، کابول، ئەستەمبۆلو قاهیرەی کرد، بەڵام نەیتوانی سەرنجی ئەو دەوڵەتانە بۆ پرۆژەکەی واتە یەکگرتنی ئیسلام لەبەرامبەر رۆژئاوا رابکێشێ. لەساڵی ١٨٩٦ز لە ئەستەمبۆل مردووە. (ئیسماعیل عەبدولرەحمان سەعید: ناسیۆنالیزمی ئێرانی...، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢) ؛ بۆزانیاری هەمەلایەنە لەسەر کەسایەتی ئالۆزی سەید جەمال، بروانە: (محمد رضا فشاهی: گزارشی کوتاه ازتحولات فکری و اجتماعی در جامعه فئودالی ایران، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٦ه، ص ص٣٦٧- ٣٨٣).

(٧٩) جاك فوران: منبع پیشین، ص٢٥٦.

(٨٠) میرزا مولکەم: میرزا مولکەم خان کوڕی میرزا یەعقوب لەساڵی ١٨٣٣ز لە جولفای ئەسفەهان لەدایك بووە. لەتەمەنی دەساڵیدا بۆ خوێندن رەوانەی ئەورووپا کراوە، پاش گەرانەوەی بۆ ئێران وەك مامۆستا لە دار الفنون وانەی زانستی سەرەتاییو جوگرافیای گوتۆتەوەو لەهەمان کاتدا وەرگێری ناسرەدین شا بوو. بالیۆزی ئێران بووە لە لەندەن، پاش ئەوەی لەم کارە وەلانرا بەدەرکردنی رۆژنامەی "قانون" سەرقاڵ بوو ولەساڵی ١٩٠٨ز لەوڵاتی سویسرا کۆچی دوایی کرد. (پیتر أوری: تاریخ معاصر ایران از تأسیس تا انقراض سلسله قاجاریه، ترجمە: محمد رفیعی مهر أبادی، جلد اول، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٧ه، ص٢٢).

(٨١) ئاغا خان کرمانی: ئەویش لەرەوتی نامە نووسینی ئەسەد ئابادی بۆ زانایانو داوای هاوکاری کردن لێیان بەشداری کرد. (ژانت أفاری: منبع پیشین، ص٦٣).

(٨٢) احمد تاجبخش: منبع پیشین، ص٤٤٥.

لەدژی ئەو چیاوگەی لە ئەستەمبۆل دەست پێکرد[٨٣]، ونامـە بەناوبانگەکـەی بـۆ دیـارترین زانـای شـیعە حـاجی میرزا حەسەنی شیرازی نووسی[٨٤]و داوای لێکرد شاو فرۆشتنی ئێران بە ئەوروپییەکان ئیدانە بکات[٨٥]. تەنانـەت باس لەدیداری سەید جەمال‌و میرزای شیرازیش دەکرێ، عەلی وەردی لـەم بارەیـەوە دەڵـێ: "یـەکێك لەکەسایەتیە متمانەدارەکان کەخۆی هاتنی جەمال ئەلدینی بینیوە بۆ لای میرزای شیرازی لـە سامەرا بـۆی گێرامـەوە کـە ئـەو دوانە کۆبوونەوەیەکی نهێنیان کردوەو کەسیش نازانێت ئەو دوو کەسە تێکدەرو ئاژاوە چیە لـەو کۆبوونەوەیـەدا چیان بڕیاردا"[٨٦].

نابێ ڕۆڵی رووناکبیران لە دەرکردنی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەم فەرامۆش بکرێ، بە تایبەتی لە بـارەی چیاوگی تـوتن. خـەڵکی ئێـران لـەم قۆناغـەدا بـە هـۆی ئاشـنابوونێکی سـەرەتایی لـە بـارودۆخی وڵاتـانی دەرەوەو خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی فارسی کە لە ئەستەمبۆل دەردەچوون، لە چۆنیەتی ئـەو چیاوگنامەیە ئاگاداربوون‌و بەتایبەتی بە بەراورد لەگەڵ چیاوگی باشترو بەسوودتری دەوڵەتی عوسمانی لـە بابـەت تـوتن کـە بـە کۆمپانیـای دەرەکـی دابـوو، دەسـتیان بـە ناڕەزایـەتی دەربـڕین کـرد[٨٧]. ئەحمـەدی کەسـرەوی لـەم بارەیـەوە دەڵـێ: "ڕۆژنامەی(اختر) کە لـە ئەسـتەمبول دەردەچـوو، نووسـەرانی کەسـانی بـە غـیرەت‌و پیـاو چـاك بـوون‌و لـە کـاتی رووداوی چیاوگی توتن وتاری بەناوەڕۆك‌و بەنرخیان دەنووسی‌و یەکێك لە هۆکارەکانی بـەئاگاهاتنی خـەڵك ئـەم وتارانە بوون"[٨٨]. لە ڕاستیدا ئەمە ڕۆژنامەی (اختر) بوو کە لەزنجیرە وتارێکدا ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیـەی ئاشکراکردو ئیدانەی کرد، چونکە ئەو چیاوگە سەرەتا بۆماوەیەك بەنهێنی هێشتبوویانەوە[٨٩]. بێجگە لـە (اخـتر) ڕۆژنامەیەکی دیکە بە ناوی (قانون) بە هۆی (مولکەم خان) لە لەندەن دەردەچوو، کە ئەویش لە لـەقاودانی ئـەو چیاوگەو هانـدانی ناڕازییـەکان ڕۆڵـی هـەبوو. یەکـەم ژمـارەی قـانون لـە سـاڵی ١٨٩٠ دەرچـوو، کـە تێیـدا وتـارێکی ڕەخنە ئامێزی سەبارەت بە دەوڵەت‌و کۆمەڵگەی ئێران بڵاوکردۆتەوەو لە ١٨ی تـەمموزداو لـەوتارێك دا رووی لـە سەدری ئەعزەم (ئەمین سوڵتان) نوسیوێتی: "بەپێی کام مافو یاسا مافو بەرژەوەندی وڵاتەکەمان بە کۆمـەڵێك چاوچنۆکی بێگانە دەفرۆشی"[٩٠].

رووحانیەتی شیعە ئەو توێـژە کۆمەڵاتیـەی دیکـە بـوو کـە وێـرای بازرگان‌و روونـاکبیران لـە بزاڤـی توتنـدا ڕۆڵـی بینی‌و لە ڕاستیدا ڕێبەری بەکردەوەی ناڕەزایەتیەکانی لە هەرێمـەکان لـە ئەسـتۆگرت. لـە تـەبرێز حـاجی مـیرزا جـەوادو لـە ئەسـفەهان ئاغـا نەجـەفی‌و لـە تـاران مـیرزا محەمـەد حەسـەن ئاشـتیانی‌و هـی تـر بـە جیـددی لەهەوڵـدابوون. لـە سـامەرا موجتەهیـدی گـەورەی شـیعە تـەلگرافی بـۆ شـا نـاردو تێیـدا زەرەرو زیانـەکانی ئـەو

(٨٣) ریچارد کاتم: ناسیونالیزم در ایران، ترجمە: احمد تدین، تهران، ١٣٧١ﻫ، ص١٧٠.

(٨٤) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (ناظم السلام کرمانی: منبع پیشین، ص ص ٨٨، ٨٩) ؛ (صادق زیبا کلام: منبع پیشین، ص٤٠١).

(٨٥) پیتر أوری: منبع پیشین، ص١٥٣.

(٨٦) عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، وەرگێرانی: عەبدوڵا جەبار، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٤٩.

(٨٧) مرتضی راوندی: تاریخ اجتماعی ایران، جلد دوم، چاپ دوم، تهران، ١٣٥٤ﻫ، ص٥١١.

(٨٨) احمد کسروی: منبع پیشین، ص٧٧.

(٨٩) نیکی.أر.کدی: منبع ثیشین، ص١٠٩.

(٩٠) جان فوران: منبع پیشین، ص٢٥٦.

چیاوگەی خستبووەڕوو داوای هەڵوەشاندنەوەی کرد[٩١]. میرزای شیرازی جارێکی تریش لەڕێگای تەلگرافەوە ئامۆژگاری ناسرەدین شای دەکردو ناوبراویش وەڵامی تەلگرافەکانی دەدایەوە[٩٢].

لە دوای چەند مانگ لە دەست بەکاربوونی کۆمپانیای رژی‌و هاوکات درێژەی ناڕەزایەتیەکان‌و پێداگیری دەوڵەت لەسەر چیاوگی توتن، لە مانگی ئەیلولدا لە ناکاو دەقی تیلگرافێك بڵاوبۆوە کە تێیدا هاتبوو: "بسم الله الرحمن الرحیم. الیوم استعمال تنباکو و توتون بای نحوکان درحکم محاربه با امام زمان علیه السلام است". حزره الحقر محمد حسن الحسینی[٩٣]. واتە لەو ڕۆژەدا بەکارهێنانی توتن حوکمی ڕاگەیاندنی شەڕە لەگەڵ ئیمامی زەمان. هەرچەندە سەلماندنی ئەم فتوایە تەم‌و مژی لەسەرە[٩٤]، بەڵام هەرچی بێ ئەم فتوایە کاریگەری خۆی لەسەر پەرەسەندن‌و قوڵترکردنەوەی کێشەکان دانا.

بە بڵاوبوونەوەی فتوای میرزای شیرازی، ناڕەزایەتی‌و دژایەتییەکان پەرەگرتووترو ڕەهەندی نوێتری بەخۆیەوە گرت[٩٥]، بەکارهێنانی توتن لە پایتەخت‌و لە زۆربەی هەرێمەکان حەرام کرا، بازاڕەکان داخران‌و دژایەتی لەگەڵ دەوڵەت پەرەی سەند[٩٦]. عەباس میرزا مولك ئارا بەرای ناسرەدین شا لەم بارەیەوە نوسیوویەتی: " کۆپیەکی زۆریان لە فتواکە چاپ‌و بڵاوکردەوەو زانایان لە شیرازو ئەسفەهان‌و کاشان فتواکەیان لە مینبەرو کۆبوونەوەکان دەخوێندەوە. قاوەخانەکان داخران‌و نێرگەلەکانیان کۆکردەوەو لە گۆڕەپان‌و بازاڕدا دەیانسوتاندن‌و هەڕەشەو گورەشەی دەوڵەتیش بێ سوود بوو"[٩٧]. تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی کە ژنانی حەرەمسەرای شاش نێرگەلەکانیان شکاندو بازرگانەکان توتنەکانیان ئاگر تێبەردا[٩٨].

لوتکەی ڕووداوەکان کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٩٢ بوو، لە ڕۆژی سیانزەی ئەو مانگە دەوڵەت لە میرزا حەسەنی ئاشتیانی موجتەهیدی گەورەی تاران داوادەکات یادەبێ لەبەرچاوی خەڵك نێرگەلە بەکاربێنی یا شار جێبهێڵێ.

---

(٩١) احمد کسروی: منبع پیشین، ص٧٥.

(٩٢) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەقی هەموو ئەو تیلگرافانەی کە لەنێوان ناسرەدین شاو میرزای شیرازی نێردراون، بڕوانە: (ناظم السلام کرمانی: تاریخ بیداری ایرانیان، منبع پیشین، ص ص٣٤- ٣٦). هەروەها بۆ زانیاری لەسەر دەقی نامەکانی نێوان ناسرەدین شاو زانایانی تر لەسەر مەسەلەی کۆمپانیای رژی، بڕوانە: (محمود طلوعی: خواندنیهای تاریخ، منبع پیشین، ص ص٦٣٧- ٦٥٠).

(٩٣) شیخ حسن کربلایی: قرارداد رژی ١٨٩٠م یا تاریخ انحصار دخانیات در سال ١٣٠٩ه.ق، چاپ دوم، ١٣٦١ه، ص٦٩.

(٩٤) جێی ئاماژەیە ئەو فتوایەی کە لەلایەن میرزا محەمەد حەسەن شیرازی مەرجەعی ئەو سەردەمی جیهانی شیعە دەرکراوە، هیچکات نەسەلمێندراو لەلای توێژی دەستەبژێر وا باوبوو کە حاجی محەمەد کازمی مولکوتوجار ئەو تیلگرافەی بەناوی ئەوانەوە بڵاو کردۆتەوە. (عبدالحسین نوایی: ایران وجهان...، منبع پیشین، ص٧٩٨.). کە ئەمەش رای جیاوازی لەنێو توێژەران لەسەرە. شێخ حەسەن کەربەلایی کە خۆی لە شوێن کەوتوانی میرزای شیرازییەو لەو سەردەم شاهیدی ئەو ڕووداوانە بووە، لەم بارەیەوە دەڵێ: "نوسخەی ئەسڵی ئەو واژۆیە کە بەدەستنووسی موبارەکی بوو، بێجگە لە زانایانی دار ئەلخلافە (تاران) میرزا محەمەد حەسەنی ئاشتیانی هیچ کەسی تر چاوی پێ نەکەوت. لەلای هەر کەس بووە لە ترسی لێپرسینەوەی دەوڵەت‌و گیروگرفتی دواتری شاردویەتیەوەو نەیتوانیوە ئاشکرای بکات‌و هەربۆیە جەنابی ئاشتیانیش کە بەتایبەتی بینیوێتی‌و کاربەدەستانی دەوڵەت لەم بارەیەوە لێیان کۆڵییەوە هیچی نەفەرموو". (شیخ حسن کربلایی: منبع پیشین، ص٦٨).

(٩٥) عباس رمضانی: منبع پیشین، ص١٠٠.

(٩٦) أن.ك.س.لمبتون: منبع پیشین، ل٢١٠.

(٩٧) عبدالحسین نوایی: شرح حال عباس میرزا ملك أرا...، منبع پیشین، ص١٨٥.

(٩٨) ئیسماعیل عەبدولرەحمان سەعید: ڕۆڵی ڕووحانیەتی شیعە لەبزاڤی مەشرووتە (١٩٠٥-١٩١١)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژ. (٢)، گۆڤارێکی ئەکادیمییە زانکۆی ڕاپەڕین دەریدەکات، ٢٠١٤، ل٢٣١.

ڕۆژی دواتر ئاشتیانی ئامادەی کۆچ کردن بوو کە خەڵك دوای داخستنی دوکان‌و بازاڕ لە ماڵەکەی کۆبوونەوەو نەیانهێشت هێزی سەربازی شا ئاشتیانی لە تاران دووربخاتەوە[٩٩]. کۆبوونەوەکە بوو بە خۆپیشاندانێکی گەورەو خۆپیشاندەران بە توڕەیی‌و بە دروشمدان لە دژی دەسەڵات بەرەو قەسری شا (گۆڕەپانی ئەرك) بەڕێکەوتن‌و ئەو شوێنەیان بەرد بارانکرد. سەربازەکانی دەوڵەت تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد، لە ئاکامدا حەوت کەس کوژران‌و نزیکەی بیست کەسیش بریندار بوون[١٠٠]. لەم خۆپیشاندانەدا ژنانیش بەشداریان تێداکرد، شێخ حوسێن کەربەلایی دەڵێ: " کاتێکی نیوەڕۆیە نورە گەیشتە ژنانی شار، ژنانیش گروپ، گروپ کۆبوونەوەو یەکەم کاریان ئەوەبوو کە چوونە بازاڕو هەر دوکانێك کە دانەخرابوو، پێیان داخست، بەجۆرێك کە لەو شارە گەورەیە دوکانێك بەکراوەیی نەماو ئەم جار هاوڕێ لەگەڵ پیاوان بە خۆپیشاندان‌و دروشمدان بەرەو قەسری شا بەڕێکەوتن"[١٠١]. ئەمە یەکەم جاربوو لە مێژووی ئێراندا، کە ژنان شانبەشانی پیاوان لەبەرامبەر ڕووداوێکی سیاسیدا بە کۆ بێنە مەیدان‌و هەڵوێست وەردەگرن.

دروشمەکانی خۆپیشاندەران لە ڕاپەرینی تاران‌و مانگرتنی گشتیدا ڕاستەوخۆ شایان کردبوو بە ئامانج، بۆ وێنە: لە نوسراوێکیاندا کە لە تاران بڵاوبۆوەو لە دەروازەی قەسری سەلتەنەت چەسپێندرابوو ئاوا هەڕەشەیان لە شا کردبوو: " ئەی ناسرەدین شا هەموو رەعیەت لەو دۆخە شپرێوە ئەو دەوڵەت‌و سەلتەنەتە وەگیان هاتوون، ئەگەر لە کونەمشکیشدا خۆت حەشاردەی دەتهینینە دەرو خوێنت دەڕێژین"[١٠٢]. دەوڵەت‌و ناسرەدین شا ئەم جارە هەستیان بە قوڵایی کێشەکردو کێشەیەك کە ئەگەر بەری پێ نەگرن نەك تەنیا کۆمپانیای رژی، بەڵکو بنەمای دەسەڵاتیان تێك‌و پێکدەچێ.

ئەم سێ چینە (بازرگان، روحانی، روناکبیر)، کە ڕۆڵی سەرەکیان لەم بزاڤەدا بینی، هەرکامێکیان بە پاڵنەرێکی جیاواز تێیدا بەشداربوون. بازرگانەکان بەرژەوەندی ئابوریان کەوتبووە مەترسی گەورە، هەربۆیەش پێش هەمووان هەڵوێستیان وەرگرت. روحانیەت هەرچەندە یەکدەست نەبوو[١٠٣]، بەڵام بەشێکی بەرچاویان ڕۆڵیان لە وروژاندنی خەڵکدا هەبوو، ئەوان لەوە نیگەران بوون کە بوونی وڵاتانی ئەوروپی لە وڵاتێکی ئیسلامی دەبێتە هۆی لاوازبوونی پێگەی ئەوان‌و کەم ڕەنگ بوونەوەی داب‌و نەریتی دینی. بۆ وێنە: میرزا محەمەد عەلی موجتەهیدی گەورەی شیراز بە دیپلۆماتێکی بەریتانی دەڵێ: " گومانی تێدانیە کە کۆمپانیای رژی ژمارەیەکی زۆری ئەوروپی دێنێتە ئێران‌و ئەوانە بەردەوام لەپەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا دەبن‌و بنەمای باوەڕی ئەوان سست‌و لاواز دەکەن"[١٠٤]. روناکبیرانیش بەهۆی ئاشنایەتی کەم‌و زۆریان لەگەڵ کولتورو شارستانیەتی ئەوروپا،

---

(٩٩) جان فوران: منبع پیشین، ص٢٥٣.

(١٠٠) مهدی بامداد: شرح حال رجال ایران در قرن ١٢و١٣و١٤ هجری، جلد اول، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧١ه، ص٣١٧.

(١٠١) شیخ حسین کربلایی: منبع پیشین، ص١١١.

(١٠٢) همان منبع، ص١١٣.

(١٠٣) بۆ وێنە: ئایەتولا بەهبەهانی لە روحانیە پلە بەرزەکانی شیعە لە تاران هیچ دژایەتیەکی لەگەڵ کۆمپانیای رژی نەبوو، وتەنانەت لەبەرچاوی خەڵك نێرگەلەی بەکارهێناو مانگرتنی خەڵکی لەبەکارهێنانی توتن پێشێل کرد. هەروەها ئیمامی هەینی تاران‌و بەشێك لە مەلاکانی شاری مەشهەد پشتگیری بزاڤەکەیان نەکرد. بڕوانە: (مهدی بامداد: شرح حال رجال ایران در قرن ١٢، ١٣، ١٤، جلد چهارم، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧١ه، ص٢٨٥) ؛ (ژانت آفاری: منبع پیشین، ص٥٤) ؛ (جان فوران: منبع پیشین، ص٢٥٧).

(١٠٤) جان فوران: منبع پیشین، ص٢٥٥.

کەوتبوونە ژێر کاریگەری شێوازی کارگێڕیو بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتانەو هەربۆیە لەهەوڵی ئەوەدابوون وڵات بەرەو "قانون" سەروەری بەرنو دەسەڵاتی ڕەهای شا بەربەست بکەنەوە. ئامانجێك کەچەند ساڵ دواتر لە بزاڤی مەشرووتەدا پێی گەیشتن.

**باسی سێیەم: پاشەکشەو دەرهاوێشتەکانی:**

دەمارگرژی ئایینیو ملکەچ بوون بۆ موجتەهیدەکان کە هەستێکی بەهێزبوو، هاوکات لەگەڵ بێزاری لەزاڵ بوونی کۆلۆنیالیزم بەسەر هەموو لایەنەکانی گرینگی ژیانی خەڵك، ئەوانەی بە جوڵەخست، بەجۆرێك کە لەبەرامبەر چەکدارانی کامەران میرزای جێنشینی شا لە تاران بەدەستی بەتاڵ خۆراگربن[١٠٥]. هەربۆیە ترس لە ڕاپەرینو شۆڕشێکی بەردەوام مێشكو زەینی شای داگیرکردو ناچار بە پاشەکشەی کرد[١٠٦]. ناسرەدین شا لە ٥ی کانوونی دووەمی ١٨٩٢ بە پێچەوانەی مەیلی ئەمین سوڵتانو باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی چیاوگی توتنی دەرکرد[١٠٧]. کۆمپانیای ڕژی لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکە، داوای قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانەکانی دەکرد کە بڕی پێنج سەد هەزار لیرەی ئینگلیزی بوو. دەوڵەتی ئێران ئەو بڕە پارەیەی لە بانکی شاهانەی بەریتانی قەرزکرد بە سوودی شەش لەسەد[١٠٨]. ئەمە یەکەم قەرزی ئێران بوو لە دەوڵەتێکی بیانی[١٠٩].

بزاڤی توتن بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە سیاسەتی دەرەکی ئێران، ئەمین سوڵتان وەك سەدری ئەعزەم، کە سەرکردایەتی سیاسەتی لایەنگیری لە بەریتانیای لە حکومەتی ناسرەدین شا دەکردو لەپێدانی چیاوگی توتن ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، سەدو هەشتا پلە وەرچەرخاو لە ڕوسیا نزیك بۆوەو ڕێگای بۆ وەرگرتنی زنجیرەیەك قەرز لە ڕوسیا خۆشکرد. شایانی باسە کە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەوڵەتی ڕوسیا نارەزایەتی خۆی دەربڕیو تا ئەوشوێنەی بۆیانکرا لە نفوزی خۆیان بۆ پەرەسەندنی نارەزایەتییەکانو هەڵوەشاندنەوەی هەوڵیاندا[١١٠]، وباڵیۆزی ڕوسیا بە ئاشکرا بە ئەمین سوڵتانی ڕاگەیاندبوو، کە دەبێ ئەو چیاوگە هەڵوەشێتەوە[١١١]. بەم جۆرە دەردەکەوێ کە بەریتانیا پێگەی خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو لە دەستدا، بەڵام بەمەش دەوڵەتی ئێران دەستی بۆ کایەکردن لە نێوان ئەو دوو زلهێزە ئاواڵاتر نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە وابەستەبوونی سیاسیو ئابووری ئێران بە دەوڵەتێکی ڕۆژئاوایی وەك ڕوسیا زۆرتر بوو[١١٢].

ڕاستە بزاڤی توتن پاڵنەری ئابووری ڕوونی هەبوو، بەڵام لە هەندێك لایەنەوە دەکرێ بە یەکەم بزاڤی سیاسی دابنرێ لە مێژووی ئێراندا، چونکە کۆمەڵگە لەسەر کێشەیەکی تایبەتی لەگەڵ دەوڵەت بەرەو ڕووی

---

(١٠٥) احسان طبری: منبع پیشین، ص١٥٠.

(١٠٦) فریدون ادمیت: منبع پیشین، ص٤٣.

(١٠٧) ژانت افاری: منبع پیشین، ص٥٤.

(١٠٨) عزیزالله بیات: تاریخ تطبیقی ایران باکشورهای جهان، تهران، ١٣٨١ﻫ، ص٥١٥.

(١٠٩) سرپرسی سایکس: تاریخ ایران، ترجمه: سید محمد تقی فخرداعی گیلانی، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٦ﻫ، ص٥٣٦.

(١١٠) محمد علی تهرانی (کاتوزیان): منبع پیشین، ص٤٩.

(١١١) ان.ك.س. لمبتون: منبع پیشین، ص٢٧١.

(١١٢) جان فوران: منبع پیشین، ص٢٥٩.

یەکتربوونەوەو ناوەڕۆکی بزاڤەکە هێرش بوو بۆسەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ بەگشتی نەك تەنیا سوڵتانێکی دیکتاتۆر. هەروەها ئەو بزاڤە توانی ئیرادەی سەرەڕۆیانەی دەوڵەت بگۆڕێ بێ ئەوەی دەسەڵات بە گشتی هەرەس پێ بێنێ[113].

بزاڤی دژی قۆرخکردنی توتن دەکرێ بە دەستپێکی دروست بوونی بیروڕای گشتی لە ئێراندا دابنرێ. بۆیەکەم جار نیشانە گەلێك دەرکەوتن کە دەریانخست خەڵك دەیەوێ بەرامبەر بە ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بەخۆیان هەڵوێست وەربگرن‌و بێدەنگ نەبن[114]. ریچارد کاتم مامۆستاو لێکۆڵەری ئەمریکی دەڵێ: "ڕۆڵی سەرەکی لەم ڕووداوە هۆکارێکی نوێ بوو کە پێشتر لە شانۆی سیاسی ئێراندا دەرنەکەوتبوو، هۆکارێك کە ناسرەدین شاو کۆمپانیای رژی لەخەونیشدا بیریان لێنەکردبۆوە، ئەویش بیروڕای گشتی توڕەو هەڵچوونی کۆمەلانی خەڵکی ئێران بوو"[115].

لە ڕاستیدا بزاڤی توتن ئەم ئەنجامانەی لێکەوتەوە: هەڵکشانی پێگەی سیاسی ڕووحانیەت، بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری کۆمەلانی خەلك‌و تونددترکردنی فشاری دەسەلات بۆ سەر نارەزایەتییەکان‌و پەرەسەندنی شەپۆلی خەبات‌و رایکال بوونی بزاڤی دژی قاجار[116]. لە ئاکامی فشاری دەسەلات بۆسەر نارەزایەتییەکان، هاولاتیەکی ئێرانی کە هەڵسوکەوتی زاڵمانەو نادادپەروەرانەی کاربەدەستانی قاجار بێزاری کردبوو، بڕیاری کوشتنی ناسرەدین شای قاجاریدا. بە ڕێکەوت نیە کە سێ ساڵی کۆتایی پادشایی ناسرەدین شا، گەندەلی، هەژاری، زوڵم‌و نەخۆشی کولێرا گەیشتە لوتکەی خۆی[117]. (میرزا رەزای کرمانی[118]) کە چەندین ساڵ بەتاوانی چالاکی لە دژی دەسەلات زیندانی کرابوو، بۆ چاوپێکەوتنی سەید جەمالی ئەفغانی لەساڵی ١٨٩٢ گەیشتە ئەستەمبوڵ. واپێدەچێ ئەفغانی لەم چاوپێکەوتنەدا بیری گەرانەوە بۆ ئێران‌و کوشتنی شای لەگەڵ هێنابێتە ئاراوە. میرزا رەزا پاش گەرانەوەی بۆ ئێران لە شوێنی پیرۆزی شیعەکان بەناوی شازادە عەبدولعەزیم لە چاوەروانی شادا مایەوە، کە نیازی هەبوو پێش جەژنی پەنجا ساڵەی سەڵتەنەتی زیارەتی ئەم شوێنەبکات. میرزا رەزا لە ١ی ئایاری ١٨٩٦ هەر لەم شوێنە تەقەی لەشا کردوو کوشتی[119]. میرزا رەزا کاتێك کە تەقەی لە شا کرد پێی گووت: "بگرە ئەوە هی دەستی سەید جەمال ئەلدینە"[120].

بزاڤی توتن‌و تیرۆری ناسرەدین شا وەك تیرۆرێکی سیاسی، کە ئەویش هەر دەرهاوێشتەی بارودۆخی ئەو بزاڤە بوو، ڕاچڵەکانێکی کاریگەربوون لە جەستەی کۆمەلگەی ئێراندا، تا کۆمەلانی خەڵك بەخۆ بێنەوە، چاوو گوێیان بکرێتەوەو بۆیان دەربکەوێ کە دەتوانن نەك تەنیا لە بەرامبەر دەسەلاتدا هەرچەندە دیکتاتۆرو سەرەڕۆبێ

(١١٣) محمد علی همایون کاتوزیان: دولت وجامعه در ایران (انقراض قاجار واستقرار پهلوی)، ترجمه: حسن افشار، چاپ سوم، ١٣٧٩ه، ص٤٣.

(١١٤) أ.ك.س. لمبتون: منبع پیشین، ص٣٠٥.

(١١٥) ریچارد کاتم: منبع پیشین، ص٣.

(١١٦) صادق زیبا کلام: منبع پیشین، ص٤٠٠.

(١١٧) مسعود بهنود: منبع پیشین، ص١٢٥.

(١١٨) بۆزانیاری زیاتر لەسەر میرزا رەزای کرمانی، بڕوانە: (مهدی بامداد: شرح حال رجال ایران در قرن ١٢و١٣و١٤، جلد دوم، چاپ چهارم، ١٣٧١ه، ص ص١١-١٩).

(١١٩) پیتر أوری: تاریخ ایران کمبریج، منبع پیشین، ص١٥٥.

(١٢٠) د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، د.خەلیل عەلی موراد: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

ڕابوەستن وە تەنانەت پاشەکشەی پێ بکەن. بزاڤی توتن تۆوی ئەزمونێکی چاند کە چەند ساڵ دواتر لە بزاڤێکی فراوانترو رادیکاڵتردا چەکەرەی کرد، ئەویش بزاڤی مەشرووتە (١٩٠٥) بوو، بزاڤێك کە بە هەڵوەشاندنەوەی چیاوگێك بەربەست نەبۆوەو بەڵکو دەسەڵاتی ڕەهای شای سنووردارکرد، وە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێراندا کۆمەڵانی خەڵك لەدیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیاندا بەشداربوون.

### ئەنجام

یەکەم/ بەهۆی ئاشنابوونو پەیوەندی ئێرانییەکانو بەتایبەتی دەستە بژێری ناودەسەڵات بە کولتورو شارتانیەتی ئەوروپاو کاریگەری چاکسازیی دەوڵەتی عوسمانی دراوسێ، پێویستی ریفۆرمو چاکسازی لە ئێراندا هاتەگۆڕێ.

دووەم/ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم ململانێی روسیاو بەریتانیا لەسەر فراوانکردنی پێگەی ئابووری-سیاسی لە ئێران دا گەیشتە لوتکەی خۆی.

سێیەم/ کۆمپانیای بەریتانی (رژی) لە بەرامبەر پێدانی رشوە بەشاو کاربەدەستانی دەوڵەتی قاجاری چیاوگی قۆرخکردنی کرینو فرۆشتنی توتنی هەموو ئێرانی بەدەستهێنا، کە بەئاشکرا لە بەرژەوەندی بەریتانیاو لە زەرەری خەڵکی ئێران بوو.

چوارەم/ کاردانەوە لە دژی ئەم رێککەوتنە بزاڤێکی نارەزایەتی لە نێو چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی لێکەوتەوە، کەتێیدا بازرگان، رووحانیەتی شیعەو ڕووناکبیران ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو.

پێنجەم/ بەدەرکردنی فتوای حەرام کردنی بەکارهێنانی توتن لەلایەن رێبەرانی ئایینی شیعە، بزاڤی توتن پەرەگرتوترو چووە قۆناغێکی چارەنوس سازەوە.

شەشەم/ دەسەڵاتی قاجار لە ترسی رادیکال بوونی بزاڤەکەو مەترسی شۆرش لە بەرامبەر ویستو ئیرادەی کۆمەلانی خەلك پاشەکشەی کردو چیاوگی پێدانی توتنی هەموو ئێرانی بە بەریتانیا هەڵوەشاندەوە.

حەوتەم/ بزاڤی توتن وەك یەکەم بزاڤی سیاسی-جەماوەری لە مێژووی ئێراندا، زەمینەی ڕووداوێکی رادیکالترو فراوانتری رەخساند، کە ئەویش شۆرشی مەشرووتە (١٩٠٥)بوو.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ کتێبەکان:**

**أ-بەزمانی فارسی:**


١- أ.گرانتوسکی وديگران: تاريخ ايران از زمان باستان تا امروز، چاپ سوم، تهران، ١٣٦١ھ.

٢- احسان طبری: فروپاشی نظام سنتی در ايران و زايش سرمايەداری در ايران، تهران، ١٣٥٧ھ.

٣- احمد تاجبخش: تاريخ تمدن و فرهنگ ايران (دوره قاجاريه)، تهران، ١٣٨٢ھ.

٤- احمد كسروى: تاريخ مشروطه ايران، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨ھ.

٥- ان-ك. س. لمبتون: سيرى در تاريخ ايران بعد از اسلام، ترجمه: يعقوب اژند، تهران، ١٣٦٣ھ.

٦- تقى بهار: ميراث خوار استعمار، چاپ چهاردهم، تهران، ١٣٥٥ھ.

٧- پيتر اورى وديگران: تاريخ ايران كمبريج، ترجمه: تيمور قادرى، جلد هفتم، چاپ سوم، ١٣٨٧ھ.

٨- پيتر أورى: تاريخ معاصر ايران از تأسيس تا انقراض سلسله قاجاريه، ترجمه: محمد رفيعى مهر أبادى، جلد اول، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٧ھ.

٩- جان فوران: تاريخ تحولات اجتماعى ايران، ترجمه: احمد تدين، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٠ھ.

١٠- ريچارد كاتم: ناسيوناليزم در ايران، ترجمه: احمد تدين، تهران، ١٣٧١ھ.

١١- سرپرسى سايكس: تاريخ ايران، ترجمه: سيد محمد تقى فخرداعى گيلانى، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٦ھ.

١٢- سعيد زاهد: جنبش هاى اجتماعى معاصر ايران، تهران، ١٣٨١ھ.

١٣- شجاع الدين شفا: پس از هزاروچهارصد سال، جلد دوم، نشر فرزاد، ٢٠٠٣ز.

١٤- شيخ حسن كربلايى: قرارداد رژى ١٨٩٠م يا تاريخ انحصار دخانيات در سال ١٣٠٩ھ.ق، چاپ دوم، ١٣٦١ھ.

١٥- صادق زيبا كلام: سنت ومودیرنيته (ريشه علل ناكامى اصلاحات ونوسازى سياسى در ايران عصر قاجار)، چاپ چهارم، بهار ١٣٧٩ھ.

١٦- صديق صنفى زاده (بورەكەیی): تاريخ پنج هزار ساله ايران، جلد دوم، تهران، ١٣٨١ھ.

١٧- گراهام فولر: قبله عالم (ژئوپولتيك ايران)، ترجمه: عباس مخبر، تهران، ١٣٧٣ھ.

١٨- عباس رمضانى: ناصرالدين شاه قاجار، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٥ھ.

١٩- عباس قديانى: تاريخ وفرهنگ تمدن ايران در دوره قاجار، تهران ١٣٨٣ھ.

٢٠- عباس ميلانى: تجدد وتجدد ستيزى، چاپ ششم، تهران، ١٣٧٨ھ.

٢١- عبدالحسين نوايى: ايران وجهان (از قاجاريه تا پايان عهد ناصرى)، جلد دوم، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٧ھ.

٢٢- عبدالحسين نوايى: شرح حال عباس ميرزا ملك ارا، تهران، ١٣٦١ھ.

٢٣- عبدالعظيم رضايى: تاريخ دەهەزار ساله ايران، جلد چهارم، چاپ دوازدهم، تهران، ١٣٧٩ھ.

٢٤- عبدالهادى حائرى: نخستين رويارويهاى انديشەگران ايران با دو رويه تمدن بورژوازى غرب، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٠ھ.

٢٥- عزيزالله بيات: تاريخ تطبيقى ايران باكشورهاى جهان، تهران، ١٣٨١ھ.

٢٦- عزيزالله بيات: تاريخ مختصر ايران، تهران، ١٣٥٧ھ.

٢٧- علی اصغر شمیم: ایران در دوران سلطنت قاجار، تهران، ١٣٧٩ه.

٢٨- فردهالیدی: دیکتاتوریو توسعه سرمایه‌داری در ایران، ترجمه: فضل الله نیك ایین، تهران، ١٣٥٨ه.

٢٩- فریدون ادمیت: اندیشه ترقیو حکومت قانون (عصر سپهسالار)، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٥ه.

٣٠- فریدون ادمیت: ایدئولوژی نهضت مشروطیت ایران، چاپ اول، تهران، ١٣٨٧ه.

٣١- م.س. ایوانف: تاریخ نوین ایران، ترجمه: حسن قائم پناه، تهران، ١٣٥٧ه.

٣٢- ماشاالله أجودانی: مشروطه ایرانی، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٣ه.

٣٣- ماشاالله اجودانی: یامرگ یاتجدد، تهران، ١٣٨٢ه.

٣٤- محمد رضا فشاهی: گزارشی کوتاه ازتحولات فکری و اجتماعی در جامعه فئودالی ایران، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٦ه.

٣٥- محمد سالار کسرائی: چالش سنت ومودیرنیته در ایران (از مشروطه تا ١٣٢٠)، تهران، ١٣٧٩ه.

٣٦- محمد طلوعی: خواندنیهای تاریخ، تهران، ١٣٨١ه.

٣٧- محمد علی تهرانی (کاتوزیان): مشاهداتو تحلیل اجتماعیو سیاسی از تاریخ انقلاب مشروطه ایران، تهران، ١٣٧٩ه.

٣٨- محمد علی همایون کاتوزیان: دولت وجامعه در ایران (انقراض قاجار واستقرار پهلوی)، ترجمه: حسن افشار، چاپ سوم، ١٣٧٩ه.

٣٩- محمد معین: فرهنگ فارسی، جلد پنجم (اعلام)، چاپ هفتم، تهران، ١٣٦٤ه.

٤٠- مرتضی راوندی: تاریخ اجتماعی ایران، جلد دوم، چاپ دوم، تهران، ١٣٥٤ه.

٤١- مسعود بهنود: کشتگان برسر قدرت (از قائم مقام تا هویدا)، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٠ه.

٤٢- مهدی بامداد: شرح حال رجال ایران در قرن ١٢، ١٣، ١٤، جلد چهارم، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧١ه.

٤٣- مهدی بامداد: شرح حال رجال ایران در قرن ١٢و١٣و١٤ هجری، جلد اول، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧١ه.

٤٤- مهدی بامداد: شرح حال رجال ایران در قرن ١٢و١٣و١٤، جلد دوم، چاپ چهارم، ١٣٧١ه.

٤٥- ناظم السلام کرمانی: تاریخ بیداری ایرانیان، جلد اول، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧١ه.

٤٦- نیکی. ار. کدی: ریشه‌های انقلاب ایران، ترجمه: دکتر عبدالرحیم گواهی، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٧ه.

٤٧- یرواند ابراهامیان: ایران بین دو انقلاب، ترجمه: احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی ولیلانی، چاپ نهم، نشرنی، ١٣٨٣ه.

### ب- بەزمانی کوردی:

١- پرویز بابائی: مێژووی هاوچەرخی ئێران، وەرگێرانی: ڕێبوار سەرتیپ زەندی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢- عەلی وەردی: واعیزەکانی سوڵتان، ورگێرانی: عەبدوڵا جەبار، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣- محەمەد سوهەیل تەقوشی: عوسمانییەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خەلافەتدا، وەرگێرانی: نەریمان خۆشناو، مستەفا سەید مینە، هەولێر، ٢٠٠٩.

٤- یاسین سەردەشتی (دکتۆر)، بەرزانی مەلا تەها: مێژووی هاوچەرخی ئێران، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٥- ئیبراهیم خلیل ئەحمەد (دکتۆر)، د.خەلیل عەلی موراد: مێژووی ئێران‌و تورکیا، وەرگێرانی: بەهائەدین جلال مستەفا، هەولێر، ٢٠١١.

**دووەم/ نامەی زانکۆیی:**

١- ئیسماعیل عەبدولرەحمان سەعید: ناسیۆنالیزمی ئێرانی (١٩٠٦-١٩٤٦)، ماستەر نامەی چاپ نەکراو، بەشی مێژووی کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٦.

**سێیەم/ گۆڤارەکان:**

**أ-بەزمانی کوردی:**

١- ئیسماعیل عەبدولرەحمان سەعید: ڕۆڵی رووحانیەتی شیعە لەبزاڤی مەشرووتە(١٩٠٥-١٩١١)، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژمارە (٢)، گۆڤارێکی ئەکادیمییە زانکۆی ڕاپەڕین دەریدەکات، ٢٠١٤.

**ب-بەزمانی فارسی:**

١- رامین جهانبگلو: روشنفکرانی ایرانی و مدرنیته، کیان، شماره (٥٣)، تهران، ١٣٨١ه.

## پوختەی توێژینەوەی

## بزاڤی توتن لە ئێران (١٨٩٠-١٨٩٢)

بزاڤی توتن بە یەکێك لە گرنگترین رووداوەکانی نزیك بە پەنجاساڵ پادشایەتی ناسرەدین شای قاجار (١٨٤٨-١٨٩٦)و لەهەمانکاتدا یەکەم بزاڤی سیاسی بوو لە مێژووی ئێراندا. کۆمەلانی خەلك لە دژی پێدانی چیاوگی قۆرخکردنی کرین‌و فرۆشتنی توتنی هەموو ئێران راپەڕین، کە بەئاشکرا لە بەرژەوەندی کۆمپانیای بەریتانی بوو. بازرگان، رووحانیەتی شیعەو رووناکبیران ڕۆڵی سەرەکیان لەم راپەڕینەدا بینی. دەوڵەتی قاجار لەبەرامبەر شەپۆلی ئەم بزاڤە کە بەشێوەیەکی ناتوندوتیژی‌و هێمنانە هەموو ئێرانی گرتبۆوە پاشەکشەی کردو ناچارکرا رێککەوتننامەکە هەڵبوەشێنێتەوە. ئەم بزاڤە زەمینەی بزاڤێکی بەرفراوانترو رادیکال تری فەراهەم کرد، کە ئەویش بزاڤی مەشرووتە (١٩٠٥) بوو.

**ملخص البحث**

**حركة التبغ في ايران (١٨٩٠-١٨٩٢)**

**حركة التبغ هي إحدى أهم لأحداث التي وقعت في عهد ناصر الدين شاه قاجار (١٨٤٨-١٨٩٦م)، كما وأنها أولى الحركات السياسية في تاريخ ايران. إنتفضت الجماهير في جميع أنحاء البلاد ضد إمتيازات بيع وشراء التبغ، التي كانت وبشكل واضح لمصلحة الشركة البريطانية. التجار ورجال الدين الشيعة والمثقفون كان لهم الدور الأهم في هذه الانتفاضة. أرغمت هذه الانتفاضة السلمية الحكومة القاجارية الى الرضوخ لمطالب الجماهير في إلغاء إمتيازات الشركة البريطانية، كما وأن هذه الحركة أعدت الأجواء لحركة راديكالية أوسع هي حركة المشروطة سنة ١٩٠٥م.**

Abstract

Tobacco Movement in Iran (١٨٩٠-١٨٩٢)

Tobacco Movement is considered one of the most important events during the reign of Nasir-Aldeen, king of of Qajar (١٨٤٨-١٨٩٦). At the same time, it was the first political movement in the history of Iran. Masses of people revolted against favoritism and monopoly of Iran's tobacco to the interest of British companies. Merchants, Shiite spiritual leaders and intellectuals played a great role in this uprising. The uprising which had spread all over Iran peacefully and violently obliged the Qajar state to abolish the agreement. This movement paved the way for a wider and more radical movement which was Mashroota movement (١٩٠٥).